# نەوژین

ژمارە (٦) یەکشەممە ٢٠١٧/٥/١٤

مانگنامەیەکی تایبەتە بە پرسەکانی ژنان، رادیۆی دەنگ بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED ئەمریکی لەگەرمیان دەریدەکات





شیرین، ژنێک دەستبەرداری خوێنی فەرهادەکەی نابێت

6 ««

# دەیان کچی لادێکانی گەرمیان واز لەخوێندن دێنن

■ نەوژین

**دەیان خوێندکاری لادێکانی سنوری گەرمیان، بەکاریگەری قەیرانی دارایی و نەبونی قوتابخانە، واز لەخوێندن دێنن، بەڕێوەبەری پەروەردەی گەرمیانیش دەڵێت: «٧٠٪ی ئەو خوێندکارانە کچن».**



بەپێی بەدواداچونێکی رۆژنامەی (نەوژین)، لەماوەی ئەمساڵدا، لە کۆی ١٠ قوتابخانەی گوندو ناحیەکانی ئیدارەی گەرمیان، ٩٣ خوێندکار وازیان لەخوێندن هێناوە کە (٤٩)یان کچ و (٤٤)یان کوڕ بون.

وەزارەتی پەروەردە بۆ ئەمساڵ بڕیاری دا خوێندنگای گوندەکان تێکەڵ بکات، بۆ ئەمەش خوێندکاری قوتابخانەی چەند گوندێک لە قوتابخانەی یەک گوندیان کۆدەکرێنەوە و دەبێت خوێندکاری گوندەکانی تر رۆژانە هاتوچۆ بکەن، کە ئەمەش تێچونی زۆر دەخاتە سەر خێزانەکان، ئەمە سەرباری قەیرانی دارایی، هەروەها هەندێک قوتابخانەی دیکە، تەنها تا پۆلی ٦ یان ٩ی بنەڕەتییان تێدایە، خوێندکاران ئەگەر بیانەوێ بەردەوام بن لەخوێندنەکەیان، دەبێت رو لە قوتابخانەی گوندی دیکە یان قەزاو ناحیەکان بکەن، کە ئەمەش تێچون و مەترسیشی زۆرترە، بۆیە زۆرێک لەخێزانەکان رێگە بە منداڵەکانیان نادەن خوێندن تەواو بکەن و لە قوتابخانە دەریان دەکەن، بەتایبەت کچەکانیان.

بەڕێوەبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان، م.دارا ئەحمەد، بە رۆژنامەی (نەوژین)ی وت: «رێژەی وازهێنانی کچان لە کوڕان زیاترە لەناوەندەکانی خوێندن بەگشتی و ئەوانەی لادێکان بەتایبەتی».

وتیشی: «لە کاتی وازهێنانی (١٠٠) خوێندکار، بەلای کەمەوە (٧٠) خوێندکاریان کچە».

لایخۆشیەوە، م. ئارام محەمەد، یاریدەری بەڕێوەبەری ئامادەیی (گردەگۆزینە)، بۆ رۆژنامەی (نەوژین) وتی :«خوێندکارێکی زۆر لە خوێندن دادەبڕین، هۆکاری سەرەکی ئەو دابڕانەش بەهۆی خراپی باری داراییەوەیە بەتایبەت کچەکان».



بۆچی ژنان وێنەی خۆیان لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوناکەنەوە؟

2 ««

# گەرمیان: ٢١ حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی بۆسەر ژنان لە ٢ ساڵ دا

■ نەوژین

**تەنها لەماوەی ٢ ساڵدا لەگەرمیان، (٢١) حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی بۆسەر ژنان تۆمارکراوە.**

بەپێی ئامارێکی فەرمیی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان کە لەمیانەی کۆنفرانسێک دا تۆڕی رێکخراوەکانی ژنان لە هەرێمی کوردستان خستیانە رو، ئاماژە بە توندوتیژییەکانی دژ بە ژنان لەماوەی ساڵانی ٢٠١٥ و ٢٠١٦ کراوە، تیایدا رێژەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنانی گەرمیانیش خراوەتە رو.

بەپێی ئەو ئامارە، لەگەرمیان و لەو دو ساڵەدا، ٢١ حاڵەتی دەستدرێژی سێکسی دژ بە ژنان تۆمارکراوە، بەشێوەیەک لەساڵی ٢٠١٥ دا ١٦ حاڵەت تۆمارکراوە، بەڵام ساڵی ٢٠١٦ رێژەکە دابەزیوە بۆ ٥ حاڵەت.

هەربەپێی ئەو ئامارە، کۆی حاڵەت و سکاڵا و توندوتیژیەکان لەو دو ساڵەدا لەگەرمیان، سەروی هەزارو پێنجسەد حاڵەت بوە.

پێشتریش بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی دژ بە ژنان لەگەرمیان، عەقیدی یاسایی: لەمیعە محەمەد، ئەوەی بە رۆژنامەی (نەوژین) وتبو کە لەساڵی ٢٠١٥ دا رێژەی حاڵەتەکانی دەستدرێژی سێکسی چەندین هێندەی ساڵی پێشوتر زیادیکردبو، بەڵام لەساڵی رابردو رێژەکە دابەزیوە.



کارگەیەکی نان ژنانی ئیشکەری رزگاریی کۆدەکاتەوە

5 ««



# لەگەرمیان پیاوان کچی مناڵ دەکەنە ژنی دوەم و سێیەمیان

■ نەوژین

**رێکخراوێک ئاشکرای دەکات بەشێکی بەرچاو لەو پیاوانەی گەرمیان کە ژنی دوەم و سێیەم دێنن، خراپی رەوشی ئاوارەکان دەقۆزنەوە بۆ خواستنی کچی مناڵ لێیان.**

ڤیان سابیر، سەرپەرشتیاری پرۆژەکانی (رێکخراوی خەڵک بۆ گەشەپێدان) کە لە بواری ئاوارەکان دا لەگەرمیان چالاکن، لە لێدوانی بۆ (نەوژین) لەبارەی ئەم حاڵەتەوە، وتی: «کۆمەڵێک هۆکار هەن بۆ ئەم کارەی پیاوان، لەوانە: بەهۆی خراپی رەوشی داراییانەوە خێزانە ئاوارەکان کچەکانیان لەتەمەنێکی مناڵ دا بەشو دەدەن، هەروەک لەروی تێچونی داراییشەوە داواکاریەکی زۆر ناخەنە سەر پیاوان، ئەمە جگە لەوەی لەروی مارەبڕین لەدادگاکانی دەرەوەی هەرێم کارەکە ئاسانترە».

ئەو چالاکوانە، ئەوەشی خستەرو کە هەندێک لەو پیاوانە پاش ماوەیەک لەخواستنی کچانی ئاوارە، وازیان لێدێنن یان دەیانگەڕێننەوە بۆ خێزانەکانیان بەبیانوی جۆراوجۆر. وتیشی: «پیاوان بێدەربەستن لە ناردنەوەی هاوسەرەکانیان، چونکە لەروی یاسایی و داراییەوە شتێکی ئەوتۆیان لەسەر ناکەوێت».

ئاماژەی دا: «حاڵی حازر ئێمە ٣ کەیسمان لەبەردەستە کە پیاوان پاش خواستنی کچانی ئاوارە، ئێستا وازیان لێیان هێناوە کە هەندێکیان دوگیانن».





دو کچە شێوەکار زیاتر لە ١٠ پێشانگای تایبەتیان کردوەتەوە

7 ««

### «تا تەمەنم بەرەو سەرەوە هەڵکشێت، خەمەکانم زیاتر کەڵەکە دەبن»

# چیرۆکی ئەو کچانەی کە باوکیان ڕێگەیان پێنادات بچنە نێو ژیانی هاوسەرگیریەوە



■ نەوژین، هونەر حەمید

**هەرچەندە باوکی ڕێگرە لە بەردەم چونی بۆ نێو ژیانی هاوسەرگیری، بەڵام شۆخانی (٣٢ ساڵ) هەمیشە نزای سەلامەتی بۆ باوکی دەکات، چونکە تەنها ئەویان هەیە بۆ ئەوەی بژێوی ژیانیان بۆ پەیدا بکات.**

شـۆخان، نـاوی خـوازراوی کچێکی دانیشـتوی قەزای کەلارە، یەکێکە لەو دەیان «قوربانی»یەی کە ڕێگریەکانی باوکـی لـە چونـی بـۆ نێـو ژیانی هاوسەرگیری، خەریکە بەرەو قەیرەیی دەیبات.

شۆخان کە ڕەشبینی و نائومێدی باڵی بەسـەر ڕوخساریدا کێشـابو، ئاماژەی بەوەکـرد زیاتر لە دە کـەس چونەتە خوازبێنی و هەوڵیانداوە ژیانی هاوسەری لەگەڵ پێکبهێنن، بەڵام باوکی ڕێگری لە شو کردنی کردوە «باوکم دەڵێت ئێوەم بە بەدبەختی گەورە کردوە، ڕێگە نادەم شو بکەن.»

شـۆخان کە کچـی ماڵەوەیـە، تەنها خەم بۆ داهاتوی خۆی ناخوات، بەڵکو هەمیشـە بیـر لە داهاتوی ئـەو پێنج خوشکەشـی دەکاتەوە کە سەرجەمیان تەمەنیان لەسەروی هەژدەساڵیەوەیە. وتی: «باوکم ڕێگەی نـەداوە هیچکام لە خوشکانی تریشـم ژیانی هاوسەری پێکبهێنن.»

هەرچەندە ئامارێکی ورد لەبارەی ژمارەی ئەو کچانە لەبەردەستدا نیە کە باوکیان ڕێگربوە لەبەردەم چونیان بۆ نێو ژیانی هاوسـەری، بەڵام زۆری ژمارەی کچانی قەیرە لـەو قەزاو ناحیانـەی کە دورە دەستن، ئاماژەن بۆ بەردەوام بونی ئەو دیاردەیە.

زۆربەی ئەو باوکانەی ڕێگرن لەبەردەم شـو کردنی کچەکانیانـدا، ئەوانەن کە نەخوێندەوارن و هێشـتا بیرکردنەوەی خێڵەکی بەسـەریاندا زاڵە و شو کردنی کچەکانیان بە»عەیبە»دەزانن.

عەباس مەحمود، سەرۆکی لقی گەرمیانی کۆمەڵەی کۆمەڵناسـان و دەرونناسانی کوردسـتان، ئاماژەی بەوەکرد ڕێگری کـردن لە شـو کردنی کچـان گرفتی کۆمەڵایەتی و دەرونـی لێدەکەوێتەوە «زۆربـەی ئەو کچانەی شـو ناکەن و قەیرە دەبن، دواتر توشـی خەمۆکی و گۆشەگیری دەبن.»

سـەرۆکی لقـی گەرمیانـی کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەرونناسانی کوردستان، باسـیلەوەکرد «هـۆکاری کلتـوری و کۆمەڵایەتـی پاڵنەری ئەو باوکانەن کە ڕێگە نادەن کچەکانیان شو بکەن.»

بەپێی یاسـای باری کەسێتی عێراقی، هەر کچێـک تەمەنی بگاتە ١٨ سـاڵ مافی پێکهێنانی ژیانی هاوسـەرگیری هەیە لەگـەڵ هەر کورێکـدا کە خۆی بیەوێت .

زۆربەی ئەو کچانەی باوک و کەسوکاریان ڕێگـرن لەبـەردەم شـوکردنیان، بۆ لابردنی لەمپەرەکانی بەردەم چونە نێو ژیانی هاوسەریان پەنایان بۆ دادگاکانی کوردسـتان نەبـردوە، لەکاتێکـدا لە ڕێگەی یاسـاوە دەتوانن کەسوکاریان ناچار بکـەن بۆ لابردنـی ڕێگریەکانی بەردەمیان.

عەقیـد لەمیعە محەمـەد، بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتـی بەرەنگاربونـەوەی توندوتیـژی دژی ژنـان لەگەرمیـان، ڕونیکـردەوە ئـەو باوکانـەی ڕێگرن لەبەردەم شوکردنی کچەکانیان لە ڕوی یاساییەوە تاوانبارن، ئەگەر کچەکانیان سکاڵایان لەسەر تۆمار بکەن «بەداخەوە ژمارەی ئەو کچانە زۆر کەمن کە بۆ ئەو مەبەستە پەنا دەبەنە بەر دادگا.»

بەڕێوەبـەری بەڕێوەبەرایەتـی بەرەنگاربونـەوەی توندوتیـژی دژی ژنان لەگەرمیان، ئاماژەی بەوەشـکرد لەحاڵەتی پێویسـت دا و بەپێی یاسا، کچ بێ ئامادەبونی باوک و کەسـوکاری لـەدادگا مـارە دەبردرێـت «ئەگـەر حاڵەتەکە پێویسـت و جیاواز نەبێت، مارە برینی کچ پێویسـتی بەرەزامەندی کەسوکاریەتی.»

ڕێگری کردنـی باوک و کەسـوکار لە شوکردنی کچان، دەچێتە چوارچێوەی توندوتیژیـەوە بەرانبەر بـە ژنان و لە یاسای ژمارە (١١) ی ساڵی ٢٠١١ دا کە تایبەتە بە بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی ئاماژەی پێدراوە.

شۆخان، هەرچەندە ڕێگریەکانی باوکی لە چونـە نێو ژیانی هاوسـەری ژیانی لا تاڵ کردوە، بەڵام بەهیچ شـێوەیەک ئامادە نیە سـەنگەری یاسـا لەباوکی بگرێـت. وتـی: «باوکمـم زۆر خۆش دەوێ و هەمیشـە نزای سـەلامەتی بۆ دەکـەم، چونکە باوکم هەمو شـتێکی بـۆ دابینکردوین و ڕۆژێـک کار نەکات پێمانەوە دیارە.»

بەپێـی وتەی شـۆخان، باوکی دڵیان ناشکێنێت و چیان بوێت بۆیان جێبەجێ دەکات، بەڵام لەمەسـەلەی شوکردنیان دا زۆر توندە و قسەی چەندین هاورێی نزیکی خۆی شکاندوە، کەداوایانلێکردوە ڕێگە بەکچەکانی بدات بۆ ئەوەی شـو بکەن.

ڕێگـری کردن لە شـو کردنی کچان و توندوتیژی نواندن بەرانبەریان، ڕەگێکی قوڵـی هەیە و بـۆ سـەردەمی پێش پێغەمبـەری ئیسـلام دەگەرێتەوە، کە کچان لەلایەن باوک و کەسـوکاریانەوە و بـۆ ئەوەی بە شـو نەدرێـن زیندە بەچاڵکراون.

مـەلا ئیدریس ژاڵەیـی، کارگێری لقی گەرمیانی یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلام، ئەوەی خستەڕو لە ڕوی ئاینیەوە باوک ناتوانێـت ڕێگـر بێت لەبەردەم شـو کردنـی کچ دا «هەر باوکێک ڕێگر بێت لەبەردەم شو کردنی کچەکەیدا، تاوانبار دەبێت.»

ڕونیشـیکردەوە ئـەو باوکانەی ڕێگرن لەبەردەم شوکردنی کچەکانیاندا ڕۆڵیان هەیـە لە بڵاو بونەوەی «فەسـاد»دا. وتی: «پێغەمبـەر فەرمانی کردوە کچ کە باڵغ بو دەبێت بدرێتە شو.»

مەحمود حەمید کە پورزای شـۆخانە، باسـیلەوەکرد خزم و کەسـوکارەکەی هەوڵێکی زۆریان لەگەڵ باوکی شۆخان داوە بۆ ئەوەی کچەکانی بەشـو بدات، بەڵام ئـەو بەهیـچ شـێوەیەک ڕازی نەبوە.

مەحمـود، وتـی: «تەنانـەت خاڵی شـۆخان لەدادگا سکاڵای لەسەر باوکی تۆمارکردوە و هەفتەیـەک لەزیندان دا بوە، بەڵام سەرباری ئەوەش ڕازی نەبوە بەشو کردنی کچەکانی و دواتر بەناچاری ئازاد کراوە.»

ڕێگـری کردنـی بـاوکان لەچونە نێو ژیانی هاوسەری، کچان لە خەونەکانیان بێبەش دەکات و بەشـێک لەو کچانەش ژیانیان بە گۆشـەگیری و دورەپەرێزی و هەندێکجار بەخۆ کوشـتنیش کۆتایی دێت

شـۆخان جەمـال ، کـە فرمێسـک لەچاوەکانی قەتیـس مابو. وتی: «تا تەمەنم بەرەو سـەرەوە هەڵکشـێت، خەمەکانـم زیاتـر کەڵەکـە دەبن»، وتیشـی: «پێکهێنانی ژیانی هاوسەری و بون بەدایک گەورەترین ئاواتمە، بەڵام وا بڕوات ئاواتەکەم دەبەمە ژێر گڵ.»

---

### ترسە یان شەرم یاخود نەبونی بوێریی؟

# بۆچی ژنان وێنەی خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاوناکەنەوە؟

■ نەوژین، جوانە جەلیل

**ئەگەرچی بەشێکی زۆر لە کچان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردێنن، بەڵام هەتائێستا ناتوانن بە ئازادیی ئەو کارە بکەن، بەڵکو بەپێچەوانەوە لەبەر ترس لە بەکارهێنانی لەلایەن کەسانی دیکەوە، ناتوانن وێنەکانی خۆیان بە ئازادیی لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دا بڵاوبکەنەوە.**

زریان سەرحەد، تەمەن (٢٢) ساڵ، کە خوێندکاری زانکۆیە، سەبارەت بە دانانی وێنەی خۆی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، بـۆ (نەوژین) دەڵێت: «بەهیچ جۆرێک ئامادە نیم وێنەی خۆم یاخود خێزانەکەم لە (Facebook) دابنێم».

وتیشی: «ئەگەرچی هاوسەرەکەم ڕازییە وێنەکانم بڵاوبکەمەوە، بەڵام لە ترسـی بردنی وێنە و بەکارهێنانی بۆ مەبەستی تر، تائێسـتا بیرم لـە بڵاوکردنەوەی وێنەکانم نەکردوەتەوە.»

تـۆڕی کۆمەڵایەتی «فەیسـبووک»، بـە یەکێک لـە بەرفراوانتریـن تۆڕی کۆمەڵایەتی دادەنرێت لە کوردسـتان، تادێت ژمارەی بەکارهێنانی زیاد دەکات، تاکێکی زۆری بە خۆیەوە سەرقاڵ کردوە بەتایبەت کچان، بەڵام سەرباری ئەمەش بەشێک لە کچان جورئەتی ئەوە ناکەن وێنەو ناوی ڕاستی خۆیان بەکاربهێنن.

سـێبەر سـاڵەح، (٢١) سـاڵ، کـە خوێنـدکاری دوا قۆناغـی زانکـۆی گەرمیانە، بۆ (نەوژیـن) دەڵێت: «بە بۆچونـی خـۆم و خێزانەکـەم دانانی وێنەکانم ئاساییە بەڵام وەک هەمیشە لە ترسی هاککردنی ئەکاونتەکەم و بردنی وێنەکانم و خراپ بەکارهێنانی، بڵاویان ناکەمەوە».

وەک (سـێبەر) ئاماژەی پێدا: ترسی سەرەکی کچان لە بەکارنەهێنانی ناوی خۆیان و وێنەکانیان، ترسـێکە لەوەی کە نەبادا لەلایەن کەسـانی دیکەوە و بۆ فشارخستنە سـەریان، وێنەکانیان بەکاربهێنرێت، ئەمـەش وایلێکردون لە بری وێنەی خۆیـان، وێنەی ئەکتەر و کەسـە بیانیە ناودارەکان بەکاربهێنن، وەک چۆن ئەو هەمان شتی کردوە.

بەپێچەوانەوەی ئـەم کچانەوە، کچانی دیکە هەن کە باوەڕی تەواویان بەخۆیان هەیـەو وێنەکانیـان بڵاودەکەنـەوەو لێناگەڕێـن ترس و دڵەڕاوکـێ، وایان لێبکات لـە چێژبینیـن لەبەکارهێنانی تەواوەتی ئەو تۆڕانە بێبەشیان بکات.

کەنـار حسـێن، تەمەن (٢٣) سـاڵ، نزیکەی (٤) سـاڵە تۆڕی کۆمەڵایەتی بەکاردەهێنێت، بۆ (نەوژین) وتی: «من زۆر ئاساییە بەلامەوە کە وێنەی خۆم و خێزانەکەم لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بڵاو بکەمەوە بەتایبەت فەیسـبوک، بەڵکو بڵاویشم کردوەتەوە».

وتیشـی: «تاوەکـو ئێسـتا بەهۆی دانانی وێنەکانمەوە توشی هیچ کێشەو گرفتێک نەبومەتەوە، بەلاشـمەوە زۆر ئاسـاییە کەوا کچان وێنەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە، بۆ ئەوەی چیتر ئەم ترسە نەمێنێ لەناو کچاندا.»



بـەرای توێژەرێکـی کۆمەڵایەتیـی، ئەم پرسـە گرێدراوە بـەو تێڕوانینەی کەتائێسـتا لەبارەی ژنان لە کۆمەڵگادا بونی هەیەو وایکردوە نەتوانن بەشـی پێویسـت ئازاد بـن لـە پیادەکردنی مافەکانیان.

بەکـر محەمـەد، بۆ (نەوژیـن) وتی: «تاکی کۆمەڵگەی ئێمە تاوەکو ئێستا نەگەشـتوەتە ئەو ئاستە ڕۆشنبیرییەی کە کچان بتوانن بە ئـازادی وێنەکانی خۆیان بڵاو بکەنەوە.»

وتیشـی: «زۆرینەی کچانـی ئێمە لە ترسـی ئـەوەی کـە کەسـێک داوای هاوڕێیەتـی لێبـکات و قەبوڵی نەکات وێنەکانیان ببرێت و بەکاربهێنرێت، بۆیە ناوێرن وێنەکانیان دابنێنن.»

ڕۆژنامەنوسـێکیش لەکۆمێنـت دان لەبارەی ئەم پرسەوە، پێیوایە تێڕوانینی کۆمەڵـگا بۆ ڕەگەزی مێ، تێڕوانینێکی سێکسییە نەک مرۆیی.

شـنە محەمەد، کەهـاوکات چالاکوانی مەدەنیشـە، بـۆ (نەوژیـن) وتـی: «بەداخەوە تائێسـتا و لەم سەردەمی جیهانگیـری و تەکنەلۆژیایـەدا و بەکارهێنانی تۆڕی کۆمەڵایەتی لەلایەن کچانـەوە، تێڕوانینی تاکـی کورد بۆ ئەو کچانـەو بۆ یەکتـر، تێڕوانینێکی سێکسییە نەک مرۆڤ بون، تێڕوانینێکی ژن و پیاوانەیە نەک ژیان دۆستی نەک مرۆڤانەو جەخـت کردنەوە لەوەی هەم ژن و هەم پیاو مرۆڤن و یەکسانن».

وتیشـی: «باجـی ئـەم تێڕوانینەش بەزۆری ئافرەتان داوییانەو دەیدەن».

# کاتێک جیاوازی هۆز و پلەی کۆمەڵایەتیی، کچان لە گەیشتن بە دڵخوازەکانیان بێبەش دەکات

■ نەوژین، زریان محەمەد

**پاش چەندین ساڵ لەخۆشەویستیی، (سەناریا) نەیتوانی بەو کوڕە بکات کە دڵخوازیی بو، ئەویش پاش ئەوەی لەلایەن باوکییەوە رەدکرایەوە هاوسەرگیریی لەگەڵ ئەو کوڕەدا بکات، هۆکارەکەشی ئەوەبوە کە باوکی پێیوابوە ئەو کوڕەو خێزانەکەی «لەئاستی ئێمەدا نین!».**

**سەناریا، وتی: «باوکم پێیوتم دەزانم تۆ ئەو کوڕەت بە دڵەو خۆشتدەوێت و کەسێکی باشە، بەڵام چونکە ئەوان لە عەشیرەتێکی بەناوبانگ نین و لە ئاستی ئێمەدا نین، ئەگەر تۆ شو بەو کوڕە بکەی ئەوا حەیای من دەبەی».**



چیرۆکی سەناریا، یەکێکە لە دەیان چیرۆکەکانی رێگەگرتن لە کچان بۆ ئەوەی بە خواستی خۆیان هاوسەرگیریی بکەن. ئەگەرچی باسلەوەدەکرێت تارادەیەکی باش بەرەوپێشەوەچون لە مافەکانی ژنان بەدەستهاتوە، بەڵام لەبەرامبەردا کچانی دیکەو زۆر هەن کە یەکێک لە گرنگترین و سادەترین مافەکانی ژیانیان لەلایەن خێزانەوە لێدەستێنرێت.

هەندێک لەخێزانەکان، بەهۆکاری جیاوازی پلەی کۆمەڵایەتیی یاخود ئابوریی و یان جیاوازی شوێن و ناوچەو هۆز و بنەماڵە، رێگریی دەکەن کچەکانیان شو بەو کوڕانە بکەن کە دڵخوازی خۆیانن.

سەناریا، کەناوی خوازراوی کچێکی تەمەن (٢٩) ساڵە، لەدرێژەدان بە چیرۆکەکەی بۆ (نەوژین)، وتی: «لەدوای گریانێکی زۆر و تکاکارییەکی زۆری خۆم و خێزانەکەشم بۆ باوکم بۆ ئەوەی رازی بێت بە دڵخوازی خۆم بگەم، بەڵام باوکم بە هەمو شێوەیەک رەتی دەکردەوە و بەهەمان شێوەی جارەکانی پێشو ئەوەی دوبارە دەکردەوە کە بنەماڵەی ئەوان لە ئاستی ئێمەدا نیین».

کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش هاوشێوەی جیاوازی ئاست و پلەی کۆمەڵایەتیی، هەندێکجار هۆکارن بۆ ئەوەی کچان نەگەن بەخەونی هاوسەرگیرییان لەگەڵ ئەو کوڕانەی خۆشیان دەوێت.

شانیا، ناوی خوازراوی کچێکی دیکەی دانیشتوی گەرمیانە، بەحەسرەتێکی زۆرەوە باسی لەدەستدانی دڵخوازەکەی بۆ (نەوژین) کرد «بۆ ماوەی (١٣) ساڵ کەسێکم خۆشویست و بڕیاری ئەوەمان دا کە بۆ یەک بین، بەڵام بەهۆی کێشەی کۆمەڵایەتی رابردوی نێوان خێزانەکانمان، هیوای پێکەوە بونمان بۆ هەمیشە لە دڵماندا ناشت».

وتیشی: «رق و کینەی رابردوی خێزانەکەم بۆ ئەو خانەوادەیە رۆڵی سەرەکی هەبو لە دیاریکردنی چارەنوس و داهاتوی من، ئەمەش بوە هۆی ئەوەی من بۆ هەمیشە ئەو کوڕە لەدەست بدەم».

بەخەمبارییەکی قوڵیشەوە وتی: «ئەو هیوایەی کە چەندین ساڵە هەوڵی بۆ ئەدەین، بۆ هەمیشە وەک گوڵێک هەڵوەری و هەرگیزاوهەرگیز نایەتەوە، چونکە ئەو ژیانی هاوبەشی پێکهێنا و منیش لە حەسرەتی چاوەڕوانی ژیان دا ماومەتەوە».

ئەگەر (سەناریا) و (شانیا) لەلایەن باوک و خێزانیانەوە رێگرییان لێکرابێت بۆ هاوسەرگیریی، ئەوا کچانی دیکە هەن کە نەک باوک و دایک و برا، بەڵکو خزمە پلە دو و سێیەکانیان رێگر بون لەوەی بە دڵخوازی خۆیان بگەن.

بەرێوەبەری بەرێوەبەرایەتی توندوتیژی دژ بە ژنان لە گەرمیان، عەقید (لەمیعە محەمەد)، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «رێگری کردنی کچان بۆ هەڵبژاردنی دڵخوازی خۆیان تەنیا لە چوارچێوەی خێزانەکانی خۆیان نەماوەتەوە، بەڵکو هەندێکجار لەلایەن خزمانی پلە دو و پلە سێیەوە رێگری دەکرێت، ئەمجۆرە دۆسێیەش لەلای ئێمە بونی هەیە».

وتیشی: «سەبارەت بەم حاڵەتە ئامارێکی وردمان لەبەردەستدا نیە، چونکە زۆربەی کچان بە هۆی لاوازیی ئاستی وشیاری و ترسەوە، ئەم دۆخە قەبوڵ دەکەن و نایەنە لای ئێمە، زۆربەی حاڵەتەکانیش بەداخراوی لە نێوان خێزانەکان خۆیاندا چارەسەری دەکەن».

زۆرێک لە دایکان و باوکان پاساوی ئاینی دەهێننەوە لەرێگریی کردن لە بەشودانی کچەکانیان، ئەویش بە بیانوی ئەوەی کە مافیان هەیە لە دیاریکردنی چارەنوسی کچەکانیان، بەڵام زانایەکی ئاینی، ئەم پاساوە رەت دەکاتەوە.

سەلام مەجید، مامۆستای ئاینیی، بۆ (نەوژین) دەڵێت: «لە ئاینی ئیسلامدا ئەوە هاتوە نەک دایک و باوک، بەڵکو هیچ کەسێک مافی ئەوەی نیە کەوا رێگری لە کچێک بکات بۆ هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیانی، بەمەرجێک پێگەیشتو بێت».

وتیشی: «لە قورئانی پیرۆزدا هاتوە هەرکەسێک زوڵم لە کچێک بکات جێگای دۆزەخ دەبێت.»

هاوشێوەی ئەوەی لە شەرع دا هاتوە، لە یاسای باری شارستانییش دا کە پرسی هاوسەرگیریی رێکخستوە، رێگرییکردن لە کچان بۆ دیارییکردنی هاوبەشی ژیانیان، بە سەرپێچیی هەژمار کراوە.

پارێزەر (شاڵاو حەمید)، لەوبارەوە بۆ (نەوژین) دەڵێت: «بە پێی ئەحکامی ماددەی (٩) برگەی (١) نابێت هیچ خزمێک یان کەسێکی دیکە یان خزمەکانی تر رێگری لە هاوسەرگیری کچ یان کوڕ بکەن ئەگەر شیاوی هاوسەرگیری بن و تەمەنی یاساییان تێپەڕاندبێت».

وتیشی: «لە روی یاساییەوە لە مادە (٩)ی برگەی (٢)، دو جۆر سزا دیاری کراوە بۆ ئەوانەی رێگریی دەکەن لە هاوسەرگیریی , یەکەمیان: هەر کەسێک لە خزمە نزیکەکان واتە پلە یەک بێت ئەگەر سەرپێچی ئەحکامەکانی برگەی (١) ی ماددەی (٩) بکەن ئەوا سزاکەی زیندانیکردنە بۆ ماوەیەک لە (٢) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (٥) ساڵ زیاتر نەبێت. دوەمیان: ئەگەر سەرپێچیکەری ئەم حاڵەتە لە پلەیەک نەبون، ئەوا سزاکەی زیندانی کردن دەبێت بۆ ماوەیەک کە لە (٣) ساڵ کەمتر نەبێت و لە (١٠) ساڵ زیاتر نەبێت.»

بەڵام وادیارە هەندێک لە باوان، تەنها ئەو یاساو رێسایانە رەچاو دەکەن کە خۆیان دایانڕشتوە.

سەناریا، ئەو کچەی رێگەنەدرا بە خۆشەویستەکەی بگات، بەخەمبارییەوە باسیلەوەکرد کە باوکی لەدوای رازیی نەبون بە هاوسەگیریی لەگەڵ ئەو کوڕە، کوڕی دیکەش هاتونەتە خوازبێنیی، بەڵام بەوانیش رازیی نەبوە.

ئاماژەی دا پاساوەکەشی بۆ رەد کردنەوەی یەکێک لەو کوڕانە ئەوە بوە کە «خەڵکی ناوچەی خۆمان نین و شێوازی قسەکردنیان وەکو هی خۆمان نییە!»

---

# بۆچی کچان لەهاوڕێیەتیکردنی کوڕان سڵ دەکەنەوە؟

■ نەوژین، ژیلۆ عەلی

**کچان و کوڕان، لەیەک کۆمەڵگادا دەژین، پێکەوە لەدایک دەبن و پێکەوەش گەورە دەبن، هەر پێکەوەش دەخوێنن و دواتر دادەمەزرێن، ئەم هەمو پێکەوەبونە، کەچی هێشتا دیوارێکی کەلتوریی لە نێوان پەیوەندیەکانی ئەم دو رەگەزەدا بونی هەیە، ئەگەرچی هەندێک لە کچان و کوڕان هەوڵیان بۆ روخاندنی ئەم دیوارە داوە، بەڵام توێژەرێک پێیوایە بێمتمانەیی وایکردوە ئەم دیوارە ئەستور تر بێت.**

هاوڕێیەتی کردنی کچان و کوڕان، حاڵەت و دیاردەیەکی باوە، بەڵام ئەوەی مایەی تێبینییە لەکۆمەڵگای گەرمیاندا، تائێستا وەکو حاڵەتێکی ئاسایی و پەیوەندیەکی تەندروست لەم هاوڕێیەتی و لێکنزیکبونەوەی کچان و کوڕان نەڕوانراوە.

ئایا هۆکارەکان چین؟ رێگری و بەربەستی خێزانی و کۆمەڵایەتیین؟ یاخود نەبونی نیەتی پاک و تەندروست لەم پەیوەندیەدا، یاخود شەرم و ترس و عەیبە؟

ئەم راپۆرتە هەوڵدەدات لەزاری کچان و کوڕانەوە، شەنوکەوی ئەم پرسە بکات.

سەرەتا (زریان محەمەد) کە کچێکی خوێندکاری پەیمانگایە لەکەلار، بۆ (نەوژین) وتی: «هاوڕێیەتی نەکردنی کردنی کوڕان لەلایەن کچانەوە بۆ ئەوە دەگەڕێتەو کە هەر لەمناڵیەوە فێری ئەوە کراوین کە دور بین لە کوڕان».

وتیشی: «داخراوی کۆمەڵگەو قبوڵنەکردنی هاوڕێیەتی نێوان کچان و کوڕان، هۆکاری ئەم حاڵەتەیە».

لەپاڵ ئەم هۆکارەشدا، بەرای (زریان) هۆکاری دیکەش هەیە کە کوڕان لێی بەرپرسن و وایکردوە کچان سڵ لە هاوڕێیەتییان بکەن.

وتی: «بینینی چەندین حاڵەتی نەشیاو کەلەلایەن کوڕانەوە بەرامبەر بەکچان دەکرێت، ئەمەش بوەتە هۆیەک کە کچان سڵ بکەنەوەو لەهاوڕێیەتیکردنی کوڕان دورکەونەوە».

رۆژان سدیق، کە کچە خوێندکارێکی دیکەیە لەکەلار، هۆکارەکان هەر لەو دو بوارەدا قەتیس ناکات کە (زریان) ئاماژەی بۆ کرد، بەڵکو پێیوایە هۆکاری خێزانی و ئاینیش رۆڵیان هەیە.

بۆ (نەوژین) وتی: «نەبونی هۆشیاری لای خێزانەکان بوەتە هۆکارگەلێک بۆئەوەی کچان بترسن لەو جۆرە پەیوەندیانە، چونکە خێزان بەرپرسە لەوەی کچان لەگەڵ کێ و چۆن هاوڕێیەتی ئەکەن، ئەمەش لەو روەوە کە خێزان هۆشیاری بەکچەکانیان بدەن».

لەبارەی لایەنە ئاینیەکەیشەوە، ئەو کچە وتی: «زۆرجار بەپاساویی ئاینی، جیاکاری لە نێوان کچان و کوڕان دەکرێت بەپاساوی حەرامبون و نەشیاوییەوە، رێگە بە نزیکبونەوە نادرێت لەنێوان ئەم دو رەگەزە».

بەڵام ئایا ئەم تێڕوانینەی کە کچان هەیانە، لای کوڕانیش بەهەمانشێوەن؟ هۆکارەکان لەدیدی کوڕانەوە هەمان ئەو هۆکارانەن کە کچان باسیان کرد؟

ئاریان فاتیح، کوڕێکی خوێندکاری زانکۆیە، بۆ (نەوژین) وتی: «لەئێستادا بەتایبەتی لەزانکۆ و پەیمانگاکان دا زیاتر لەجاران هەردو رەگەز بەڕوی یەکدا کراوەترن، بەڵام دیسانەوەش دابونەریت و چاودێری کردنی مێینە لەلایەن خێزانەکانیانەوە، رۆڵی خۆی دەبینێت لە پەیوەندیەکەدا».

ئەو کوڕە ناهەقی کچانی نەگرت ئەگەر سڵ لە هاوڕێیەتیکردنی کوڕان بکەنەوە، بەوپێیەی زۆر کچ لەبەر ئەم پەیوەندیە روبەروی توانج و قسەو قسەڵۆک بونەتەوە، بەڵام سەرباری ئەمەش پێیوایە کە دروستکردنی متمانە لەنێوان کچان و کوڕاندا، پەیوەندیەکە ئاسایی و بگرە توندوتۆڵیش دەکات.

نەکچان خەتابارن کە هاوڕێیەتی کوڕان ناکەن نە کوڕانیش، بەڵکو کۆمەڵگا خەتابارە. ئەمە کرۆکی بۆچونی (هاوار کەریم) مامۆستای زانکۆ و پسپۆڕی بواری دەرونییە.

ئەو بۆ (نەوژین) وتی: «لەبەر ئەوەی کلتوری کۆمەڵگای کوردی کلتورێکی دواکەوتوەو تەداخولي لەژیانی مرۆڤەکان هەیە، بۆیە کچان سڵدەکەنەوە لەوەی هاوڕێیەتی کوڕان بکەن».

ئاماژەی دا کە بەهۆی ئەم کلتورەوە، کوڕان کەبیانەوێت هاوسەرگیریی بکەن، تەنانەت بونی هاوڕێیەتی ئەو کچەی دەیانەوێت بچنە خوازبێنی لەگەڵ کوڕاندا، هەندێکجار بە نەنگیی دەزانن!

وتیشی: «بەڵام بەڕای من ئەم پەیوەندیە ئاسایەو زۆرباش و گرنگیشە، کچانیش لەکوڕان زیاتر بڕوایان بە پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوان هەردو رەگەز هەیە».



لەئێستاداو بەهۆی پەرەسەندنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان «سۆسیال میدیا»، دەرفەتی ناسینی کچان و کوڕان و بون بەهاوڕێی یەکدی، زیاتر و فراوانتر بوە، بەڵام ئایا لێکەوتەی ئەمە چی بوە لە ئەرزی واقیع دا لەسەر پەیوەندیەکانی ئەم دو رەگەزە؟

بەرای (رۆژان سدیق)ی خوێندکاری زانکۆ، رۆڵی سۆسیاڵ میدیا نەرێنییە و تا رادەیەک بەرپرسیارە لەم بێ متمانەییەی هەیە.

وتی: «ئەو کێشانەی بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دروستبون و ئەو خراپ بەکارهێنانەی کە رویان داوە، هێندەی تر بێمتمانەیی لەنێوان ئەو دو رەگەزەی زیاد کردوە».

هەندێکجار کچان لە هاوڕێیەتیکردنی کوڕان دور دەکەنەوە، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە کە نەوەکو لێکدانەوەی دیکە بۆ ئەم پەیوەندی و هاوڕێیەتییە بکرێت.

بەڵام (زریان محەمەد)ی خوێندکاری پەیمانگا، رایوایە کە ئەم ترسە کچان و کوڕان هێندەی تر لێک دوردەخاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێت ئەم دو رەگەزە لەیەک نزیک بن و لەیەک تێبگەن بۆ ئەوەی نەکەونە هەڵەوە بەرامبەر بە یەکتری.

وتیشی: «لەئێستادا کە من خوێندکارم پێویستم بەوە هەیە کە هاوڕێیەتی کوڕان بکەم، هەندێکجار ئەو ترسەی کە کچان هەیانە دەگەڕێتەوە بۆهەندێک شت، یەکێک لەوانە بێمتمانەی خۆیانە، چونکە ئەگەر کچان متمانەیان بە خۆیان هەبێت ئەتوانن وا لەکوڕان بکەن کەهیچ کات هەڵەیان بەرامبەر نەکەن».

# خەتەنەکردن کۆتایی بە ژیانی کچێکی ٦ ساڵان هێنا



■ نەوژین، لەیلا ئەحمەد*

**زۆرمان بیستوەو زۆریشمان وتوە لەبارەی مەترسیی و زیانەکانی خەتەنەکردنی کەنیشکەکان، بەڵام ئەوەی لێرەدا دەیگێڕینەوە، نە قسەی ئێمەیەو نە رای چالاکوانانی ژنان، بەڵکو چیرۆکی راستەقینەی کەنیشکێکی منداڵە، کە بەهۆی خەتەنەکردنەوە گیانی لەدەستداوە.**

ئەو ژنە کەناوی لای (نەوژین) پارێزراوە، بەچاوی پڕفرمێسکەوە چیرۆکی ئەو خەتەنەکردنەی کە بوە هۆی گیانلەدەستدانی کەنیشکەکەی، بەم شێوەیە گێڕایەوە:

وتی: « دوای ٧ ساڵ هاوسەرگیری، بەدوعا و پاڕانەوەو چارەسەری دکتۆر، بومە خاوەنی ٢ کەنیشک و کوڕێک، زۆر دڵخۆش بوم کە بوم بە دایک و بە هیوای خۆم گەیشتم، چونکە بون بە دایک بۆ من رزگاربونم بو لە ئاگری ئەو دۆزەخەی کە دەوروبەر دروستیان کردبو بەبیانوی ئەوەی کەمن چیتر منداڵم نابێت و دەبێت تەڵاق بدرێم، لەدوای ٧ ساڵی هاوسەرگیریم».

وتیشی: «شیلان کەنیشکە گەورەم تەمەنی بو بە ٦ ساڵ، چوە بەر خوێندن، زۆر دڵخۆشبو بەجلوبەرگ و دەفتەر و کتێبەکانی قوتابخانەی، بەڵام دڵخۆشیەکەی جەهەنمێکی بە دواوە بو گڕی ئاگرەکەی هەمو خێزانەکەی سوتاند».

دوای ٣ مانگ لە خوێندن، بەیانیانێکی هەینی، یەکێک بە توندی لە دەرگاکەیدا زۆر ترسام لەوەی شتێکی خراپ رویدابێت، کەکردمەوە مێردەکەم بو لەگەڵ کەسوکاری دا. دوای باسکردنێکی زۆر لە سونەت و حەڵاڵ و حەرام، خەسوم پێیوتم: «چاوەڕیی چیدەکەیت بۆ (شیلان) خەتەنە ناکەیت؟ تەمەنی گەورەبوە تۆکەی دایکی؟» وتیشی: ئەگەر ناتوانی خەتەنەی بکەی خۆم دەیبەم وخەتەنەی دەکەم.

وتیشی: «منیش دواتر بیرۆکەی خەتەنەکرنی شیلانم کەوتە مێشکەوە، زۆر بیرمکردەوە چۆن ئەبێت شیلان سونەت نەکەم، گوناهبار ئەبم خەتەنەی نەکەم و وەکو دایکیک هەستم بە تاوان دەکرد. تاکو رۆژێک بڕیاری کۆتایمداو خەتەنەی بکەم، پرسیارم دەکردو دەگەڕام تاکو مامانێک بدۆزمەوەو خەتەنەی بکەم.»

بەردەوام بو لەگێڕانەوەکەی و وتی: «رۆژێک ژنێکی هاوڕێم بینی و پێموت مامانێکم بۆ بدۆزێتەوە، ئەویش وتی: داپیرم خەتەنە بۆ کەنیشکەکان دەکات، خۆمیش ئەو خەتەنەی بۆ کردوم. لەگەڵ هاوڕێکەم رێککەوتین، کە رۆژێک پێکەوە بڕۆینە ماڵی داپیری و خەتەنەی کەنیشکەکەم بکەین. زۆر دڵخۆش بوم بەوەی کەی ئەو رۆژە دێت (شیلان) سونەت بکەم.»

وتیشی: «کاتێک ئەو رۆژە هات (شیلان) خەتەنە بکەم، هەستم دەکرد رۆژێکی جیاوازە لە رۆژەکانی تر و بەپیرۆزم دەزانی، بەهیچ کەسێکیشم نەوت کە کەنیشکەم خەتەنە دەکەم، جلەکانی (شیلان)م گۆڕی و ناردم بۆ قوتابخانە، نەمزانی چۆن کاتەکە گەیشت تاکو بیبەم بۆلای مامانەکە، بێ ئاگابوم لەوەی، کە ئەمە دوایین خۆشی منە و کۆتایی تەمەنی شیلانە!»

بەردەوام بو و وتی: «بەپەلە رۆشتم شیلانم لە قوتابخانە هێنایەوە، دەموچاوی گەشاببوە و خۆشحاڵبو بەبینینی من، کە هێنامەوە نەیزانی بۆکوێی دەبەم، پێموت دەتبەم بۆ ماڵی پورت بۆ لای کەنیشکەکانیان یاری بکەیت، هەر بە جلەکانی قوتابخانەوە رۆیشتین بۆ لای مامانەکە، کاتێک گەیشتینە ماڵی مامانەکە ژنێکی زۆر توڕە و پیر بو، ئاژەڵیشی بەخێودەکرد. هەر لەخانوی ئاژەڵەکاندا کە لە گڵ دروستکرابو دەنگی هاوار و گریانی کەنیشکە منداڵەکان دەهات خەتەنەیانی دەکرد، کەنیشکەکەم زۆر ترسا وگریا و پاڕایەوە خەتەنەی نەکەم، نائومێد بوم و ترسام بەبینینی توڕەیی مامانەکە و ئەو ژورەی کە کەنیشکەکانی تێدا خەتەنە دەکرد، دواتر کاتێک شیلانی خەتەنە کرد توشی خوێنبەربونێکی زۆر بو. مامانەکە پێی وتم: «کەنیشکەکەت ببە لەسەر ئەرزەکە چاڵێکی بۆ هەڵکەنە تاخوێنەکەی بەمناوە بڵاونەبێتەوە وکەنیشکەکەتیش لەسەر خۆڵەکە دانێ و خوێن بەربونەکەشی چاک دەبێتەوە، ئەم کارانە هیچ سودی نەبو شیلان بورایەوە، بەپەلە گەیاندمانە نەخۆشخانە، بەڵام وەک دکتۆرەکە پێیوتم: پێش گەیاندنی بەنەخۆشخانە، (شیلان) گیانی سپاردوەو مردوە!»

ئەو ژنە بە گریانەوە وتی: « بەمردنی کەنیشکەکەم کێشەوگرفتی زۆر کەوتە نێوان من و مێردەکەم، زۆرجار سەرزەنشتی خۆم دەکەم، چونکە بەتاوانی خەتەنەکردنی شیلان دەرگای دۆزەخم لەخۆم واڵا کرد، کەتا ئێستاش بەگڕی ئاگرەکەی دەسوتێم.»

ئەو ژنە هیواخواز بو ئەو کارە هەڵەیەی ئەو پێی هەستاوە، هیچ دایکێک بیری لێنەکاتەوە.

خەتەنەکردنی مێینە، واتا بڕینی بەشێک یان هەمو کۆئەندامی زاوزێی دەرەوەی مێینە بەبێ هیچ هۆکارێکی نەخۆشیانە، پاساوی ئەم کارەش ئەوەیە کە گوایا «سونەتەو کچ پاک دەکاتەوەو نان و ئاوی دەستی حەڵاڵ دەبێت».

بەڵام زانای ئاینی ناسراو (مستەفا زەڵمی)، کە یەکێکە لە بەناوبانگترین زانا ئاینیەکانی کوردستان، کتێبێکی لەسەر خراپیی ئەم حاڵەتە داناوەو بەهەمو شێوەیەک رەدی دەکاتەوە خەتەنەکردنی کچان کارێکی شەرعیی بێت، چونکە بەوتەی خۆی هیچ دەقێک نیە کە ئەم کارە حەڵاڵ بکات، بەڵکو بەپێچەوانەوەو بەو هۆیەی کە زیانی بۆ کچان هەیە، بە «حەرام»یشی دەزانێت.

هاوکات دکتۆر (لوئەی خەدام)، پسپۆڕی نەخۆشیەکانی ژنان، پێوایە خەتەنەکردن تاوانێکی پزیشکییە، چونکە بەوتەی خۆی هەمو بیانو و هۆکارەکان بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە، نازانستی و هەڕەمەکین.

ئەو دەڵێت: «ئەو بەشەی کۆئەندامی زاوزێ کە لە خەتەنەکردن دا دەبڕدرێت، نە پیسەو نە پاشماوەی میزی لێ کۆدەبێتەوە هەتا بوترێت بە خەتەنەکردن پاک دەکرێتەوە».

دەشڵێت: «کاتێک شوێنێک پیس بێت، ئەوا بە ئاو و سابون دەشۆردرێت و پاک دەکرێتەوە، نەک ببڕدرێت!»

وتیشی: «ئەم کارە هیچ سودێکی نیە بۆ کچان، بەڵکو بەپێچەوانەوە توشی خوێنبەربون و برین دروستبون و ئازار و تەنانەت مەترسی مردنیشیان دەکاتەوە.»

*** ئەندامی تیمی رێکخراوی وادی لەگەرمیان**

---

# «کچان تەنها بۆیان هەیە تا پۆلی ٧ بخوێنن!»

## چیرۆکی کچێکی منداڵ کە لەقوتابخانە دەرهێنراو ویسترا بە شو بدرێت

■ نەوژین، گوڵباخ حەسەن

**سەرباری پێداگیریی خودی کچان، بەڵام تائێستاش هەندێک لە باوکان بەعەقڵیەتی کۆنەخوازیی و داخراوییەوە لە خوێندنی کچان دەڕوانن، بەشێوەیەک پاش تەواوکردنی ئەو قۆناغەی کە پێشتر بە «سەرەتایی» ناسرا بو، کچەکانیان لە خوێندن دەردەکەن و رێگەنادەن بەردەوام بن.**

ئەم حاڵەتە لەگەرمیان دا چەندینجار ئاگامان لێی بوەو بیستومانە، بەڵام حاڵەتێک بەتایبەتی سەرەنجی راکێشام و لەنزیکەوە ئەو کچە منداڵەم بینی کە دەویسترا لە قوتابخانە دەربهێنرێت و بەو منداڵییە بەشو بدرێت. چیرۆکەکەی ئەو کچە، لەنێو ئەم راپۆرتەدا دەخەینە پێش چاوی ئێوە.

ئەو کچە کە تەمەنی ١٥ ساڵەو ناوی لای (نەوژین) پارێزراوە، سەرەتای کێشەو کۆژانەکانی بەمشێوەیە باسکرد: «من کچی خێزانێکم کە جگە لە من ٢ کچ و ٣ کوڕیان هەیە، هەمو هۆکار و بنەمای شەڕ و ئاژاوەی نێو ماڵمان، باوکم بو».

وتیشی: «بەیانیان لە شەڕ وهەرای دایک و باوکم خەبەرم دەبویەوە، شەوانیش بەخەمی ئەوەی باوکم بهێڵێت سبەی بچمە قوتابخانە چاوم لێک دەنا».

لەباسکردنی باوکی دا، ئەو کچە وتی: «باوکم پیاوێکە کەخۆی زۆر بە دیندار دەزانێت و بەردەوام هاموشۆی مزگەوت دەکات و قورئان دەخوێنێت، بەوهۆیەشەوە لە ناو خەڵک دا زۆر رێزی لێدەگیرێت و بە (پیاوە موسڵمانەکە) ناوبانگی دەرکردوە».

ئەم پیاوە کەلەناو خەڵک دا وەکو فریشتە ناسراوە، لەناو خێزانەکەی دا وەکو مۆتەکەی لێهاتوە، بەتایبەت بۆ هاوسەر و کچەکانی.

وتی: «باوکم لە گەڵ دایکم و منداڵەکانی بەتایبەت کچەکانی زۆر خراپ بو و چەندینجار لێی دەداین، ئەو دەیویست ئێمەی کچەکان بەهیچ شێوەیەک نەخوێنین، هەر زو لەتەمەنی منداڵی دا هەردو خوشکەکەمی بەشودا و نەیهێشت بخوێنن».

ئەو کچە بەخەمبارییەوە درێژەی بەچیرۆکەکەی دا و ئاماژەی بەوەکرد «کێشەکەی خۆی و دایکم هەربەردەوام بو، هەمیشە لەگەڵ دایکم بۆڵەو شەڕ و هەرای بو، زۆربەی جار لەدایکمی دەدا».

لەبارەی هۆکاری ئەو کێشە و شەڕانەشەوە، وتی: «کێشە کەیان لەوەوە سەرچاوەی گرتبو کە بەزۆر دایکمی خواست بو، هەربۆیە پێکەوە نەیاندەکرا و پێش سێ ساڵ گەیشتنە تەڵاق و بڕیاری جیابونەوەیان دا، بەڵام باوکم منی لای خۆی هێشتەوەو هەڕەشەی ئەوەی لێکردم ئەگەر بچمەلای دایکم دەمکوژێت».

وتیشی: «من و براکانمی لای خۆی هێشتەوە و ژنی هێنا، باوەژنەکەشم زۆر خراپ بو، رۆژانە هەمو کاری ماڵەکەی بە من دەکرد، کە باوکیشم دەهاتەوە باوکمی لێ هاندەدام و ئەویش زۆری لێدەدام، چەندینجار شوێنی لێدان بەسەر جەستەمەوە دەمایەوە».



وتیشی: «باوکم تادەهات هەڵسوکەوتی لە گەڵم خراپتر دەبو، براکانم لە من باشتر بون، ئەوان چونکە کوڕ بون، زیاتر خۆشی ئەویستن و لێی نەدەدان، بەپێچەوانەی کچەکان هانی کوڕەکانی دەدا بۆ ئەوەی بخوێنن».

وتیشی: «بەبیانوی ئەوەی پارەی نەبو نەیدەبردین بۆ لای پزیشک، چەندینجار مامۆستاکان باوکمیان ئاگادار دەکردەوە، بەڵام بێ سود بو».

ئەو کچە ئەوەشی خستە رو کە کاتێک دەرچوە بۆ پۆلی حەوت، باوکی خوێندنی لێ قەدەغەکردوە، وتویەتی: «بەسە کچ نابێ زۆر بخوێنێت، دەبێ شوبکەی».

باسیلەوەشکرد کە باوکی بە تەمابوە لەتەمەنی ١٣ ساڵی بەشوی بدات بە کابرایەک نزیکەی ٢٠ ساڵ لەخۆی گەورەتر بوە، وەکخۆی گێڕایەوە «پیاوێکی ریش درێژ بو، باوکم وتی من تۆم داوە بەم پیاوە، منیش بەمە رازی نەبوم».

لەکاردانەوەی رازیی نەبونی بەم کارە، باوکی هەستاوە بە ئازاردان و بەند کردنی، وتی: «بەندی کردم لە ژورێک دا، کەس نەیدەوێرا لە ترسی باوکم ئاویشم بداتێ، زۆر هەوڵی خۆکوشتنم داوە، بەڵام بۆم نەچوەتە سەر، هەتا رۆژێک توانیم لە ماڵ هەڵبێم و خۆم بگەیەنمە ماڵی باپیرم کە دایکم لەوێ دەژیا».

باسیلەوەشکرد سەرباری ئەوەی باوکی هاتوەتە سەر ماڵی باپیری، بەڵام دایکی رازی نەبوە بیداتەوەو هەرچۆن بوە پارێزگاری لێکردوە.

وتیشی: «لەئێستادا لای دایکمم، گەڕاومەتەوە بۆ خوێندن و لەپۆلی ٩ی بنەڕەتیم، باوکم هیچ خەرجییم ناکێشێت هەرنالێی کچی ئەوم، ماڵی باپیرمیش باری ئابوریان خراپە، هەرچۆنبێت هەر باشترە لەوەی لای باوکم بوم».

ئەو کچە بەخەمگینییەوە وتی: «ئێستا تاکە خەمی من ئەوەیە باوکم نەیەتە سەر رێگەکەم، زۆر جار سێبەرەکەم لێ ئەبێتە باوکم و رادەچڵەکێم».

> باوکم بەپێچەوانەی کچەکان، هانی کوڕەکانی دەدا بۆ ئەوەی بخوێنن

# ئارایشتگای زۆر و جوانکاریی کەم

## ژنانی گەرمیان رەخنەیان لە «زۆریی و بۆریی» ئارایشتگاکان هەیە



■ نەوژین، پەیام لەتیف

**ئەو جوانکارییەی (رێژین) پلانی بۆ دانابو بۆی ئەنجام بدرێت لە رۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەی دا کە لە گرنگترین رۆژەکانی تەمەنی مرۆڤەکانە، نەک هەروەها دەرنەچو، بەڵکو بەپێچەوانەوە بوە. باسیلەوەکرد کە بەشێوەیەک ئارایشتکراوە کە زۆر ناشرین و نالەبار دەربکەوێت، ئەمەش دڵتەنگ و نیگەرانی کردوە.**

(رێژین) نمونەی چەندین ئافرەتی دانیشتوی گەرمیان و کەلارن، کە گلەیی و رەخنەیەکی زۆریان هەیە لە هەندێک لە ئارایشتگا و سەنتەرەکانی جوانکاریی ژنان لە سنورەکە. باس لەوەدەکەن کە زۆرێک لە ژنانی ئارایشتکەر وەکپێویست شارەزاییان لەسەر پیشەو کارەکەیان نییە، ئەمەش بە زیانی ئەو ژنانە دەگەڕێتەوە کەسەردانیان دەکەن.

گوڵزار، یەکێکە لەو ئافرەتانەی سەردانی ئارایشتگای کردوە بۆ رەنگکردنی قژی، بۆ (نەوژین) وتی: «لەجیاتی رەنگکردن هەمو قژیان سوتاندم!».

دەشڵێت: «زۆرجار ئێمەی ئافرەت سەرمان لێدەشێوێت نازانین سەردانی کام ئارایشتگا بکەین، چونکە ئێستا زۆربەی ئەو کەسانەی ئارایشتگایان هەیە شارەزایەکی ئەوتۆیان نییە».

زۆرینەی ئەو ژنانەی گلەییان لە ئارایشتگاکان هەیە، باسی «ناشارەزایی» هەندێک لەو کەسانە دەکەن کە ئارایشتگایان داناوەو دەڵێن: «ئێمە داوای شتێک دەکەین و ئارایشتگاکان لەبەر ناشارەزایی بەشێوەیەکی تر داواکانمان جێبەجێ دەکەن».

سەنا، ئافرەتێکی دیکەی دانیشتوی کەلارە، بۆ (نەوژین) وتی: «چەند جارێک سەردانی ئارایشتگام کرد بۆ چاککردنی برۆم و بڕینی قژم و جارێکیش بۆ رەنگکردنی قژم، بەڵام لە هیچ جارێکدا ئەوەی بۆم کرا بە دڵم نەبوە».

بەپێی ئاماری لقی گەرمیانی یەکێتی سەندیکای کرێکارانی کوردستان، تەنها لە سنوری کەلار دا، ٥٠ ئارایشتگای ژنان بونی هەیە، ئەمەش بەرای هەندێک لە ژنان و تەنانەت خودی خاوەنی ئارایشتگاکانیش «زۆری و بۆریە».

ریژین، لەوبارەوە وتی: «نەک هەر لە رۆژی ئاهەنگی هاوسەرگیرییەکەم باش ئارایشت نەکرام، بەڵکو لەدوای ئەوەش هەمو دەمو چاوم ببوبو بە زیپکە!».

وتیشی: «دەبێت پێوەر هەبێت بۆ رێکخستنی کاری ئارایشتگاکان و رێگە نەدرێت هەمو کەس ئارایشتگا بکاتەوە».

ئەم قسەیە، خاوەنی یەکێک لە ئارایشتگاکانیش جەختی لێکردەوە. ئەو ژنە کە نەیویست ناوی بهێنرێت، بۆ (نەوژین) وتی: «دەبێت ئەو کەسەی ئاریشتگا دادەنێت شارەزایی تەواوی لەجۆرەکانی ماکیاژ و چۆنیەتی جوانکردنی خانمان هەبێت».

وتیشی: «لەئێستادا هەندێک کەس نەک تەنها شارەزاییان نییە، بەڵکو ئارایشتگایان داناوە بۆ خۆ فێرکردن و بەنرخێکی هەرزان تر کاردەکەن».

لەبەرامبەریشدا، سەندیکای کرێکاران، رایدەگەیەنێت کە مۆڵەتی دانانی ئارایشتگا لەخۆیانەوە بەهەمو کەس نادەن.

عومەر محەمەد، سەرۆکی لقی گەرمیانی سەندیکای کرێکاران و پیشەوەرانی کوردستان، بۆ (نەوژین) وتی: «ئێمە پشتگیری هەمو کەسێکمان نەکردوە بۆ دانانی ئارایشتگا، بەڵکو زۆر کەسیش هاتوە و مەرجەکانی تێدانەبوە و پشتگیریمان نەکردوە».

وتیشی: «هەرکەسێک سکاڵای لە ئارایشتگاکان هەیە دەتوانێت سەردانمان بکات و ئێمەش ئەندامامان لە لیژنەی چاودێری ئارایشتگاکان هەیە و خاوەن ئارایشتگاکان بانگ دەکەین و ئەگەر بزانین خاوەن سکاڵا لەسەر هەقە ئەوا لێکۆڵینەوە لەگەڵ خاوەن ئارایشتگاکان دەکەین و سزای دەدەین».

راشیگەیاند: «خەڵک هەیە سەردانی ئێمەی کردوەو سکاڵای لەخاوەن ئارایشتگاکان تۆمار کردوەو بەدواداچونیشمان بۆ کردوە».

بەپێی ئەو ئامارەی لەلای بەشی چاودێریی تەندروستی تۆمارکراوە، رێژەی ئارایشتگاکان زیاترە لەوەی لای سەندیکا تۆمارکراوە. ئامارەکە دەریدەخات لەگەرمیان دا ٦٩ ئارایشتگا هەیە.

حەسەن محەمەد، لێپرسراوی بەشەکە، بۆ (نەوژین) وتی: «گومانمان هەیە چەند ئارایشگایەک لەچەند شوێنێکی تری کەلار هەبێت، بەڵام بەهۆی قەیرانی دارایی و دابین نەکردنی ئۆتۆمبێل بۆ تیمەکانمان لەوانەیە ناونوس نەکرابن».

مەرجەکانی قایمقامیەتی کەلار بۆ کردنەوەی ئارایشتگا، بریتییە لەوەی: «دەبێت ئەو کەسەی ئارایشتگا دادەنێت کورد بێت و دانیشتوی کەلار بێت و موچە خۆر نەبێ و ئەو شوێنەی کاری لێ دەکات تەجاوز نەبێت»

هەروەها لەروی تەندروستیشەوە چەند مەرجێک دانراوە، لەوانە: (دەبێت شیاو و پاک بێت)، لەگەڵ چەند مەرجێکی تری پیشەیی.





# کارگەیەکی نان ژنانی ئیشکەری رزگاریی کۆدەکاتەوە

■ نەوژین، ژینۆ عەلی

**لەناحیەی رزگاری سەر بە کەلار، کارگەیەکی تایبەت بە دروستکردنی نان دەکرێتەوە، کارگەکە ئەگەرچی لەلایەن چەند پیاوێکەوە خاوەندارێتی دەکرێت، بەڵام کرێکارەکانی ژنن، هەر ئەوانیشن توانیویانە پەرە بە ئیشوکاری کارگەکە بدەن و بەرەو پێشەوەی بەرن.**

«کارکردنمان رێگر نەبوە لەبەردەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دا»

ئەگەر پێشتر لەماڵ و بۆ خێزانەکانیان نانیان دروست کردبێت، ئەوا لەئێستادا ژنان پیشەی دروستکردنی نان دەبەنە دەرەوەی ماڵ، ئەوان لەرێگەی کارکردنیان لەو کارگە تایبەتانەی کە بۆ دروستکردنی نان دامەزراون، لەلایەک پەرە بەو پیشەیە دەدەن، لەلایەکی دیکەشەوە وەکو سەرچاوەیەکی بژێویی بۆ ژیانی خۆیان و خێزانەکانیان سودی لێدەبینن.

کارگەی نانی خۆماڵی، ناوی کارگەکەی ناحیەی رزگارییە، کەسەرجەم کرێکارەکانی لەرەگەزی مێن. لەم کارگەیەدا چەند جۆرێکی جیاوازی نان دروست دەکرێت و دواتر لە بازاڕەکان دا بە هاوڵاتیان دەفرۆشرێت.

فاتمە عەزیز، یەکێک لەو ژنە کرێکارانەی کارگەکە، بۆ (نەوژین) وتی: «ئێمە کۆمەڵێک ژنین کە هەمومان ناسیاوی یەکین و لێرەدا پێکەوە کاردەکەین».

وتیشی: «پێشتر ئێمە هەمومان بێکاربوین و کارێکی ئەوتۆمان نەبو، بەڵام کە ئەم کارگەیە کرایەوە، دەستمان بەکارکردن کرد».

ئەو ژنانەی لەکارگەی نانی خۆماڵی دا کاردەکەن، ئاماژە بەوەدەکەن کە ئەم کارەیان دەروازیەکی باش بوە بۆ ئەوەی بتوانن ژیانیان باشتر بەڕێوەبەرن.

ئەفتاو حەمەنەجیب، کرێکارێکی تری کارگەکەیە، بۆ (نەوژین) وتی: «من لەهاوژینەکەم جیابومەتەوە بۆیە پێم خۆشبوە کە خۆم بژێوی ژیانم دابین بکەم و هیج ئەرکێکم بۆ سەر ماڵەوەمان نەبێت، بۆیە بڕیارم دا کەبێمە ئێرەو کاربکەم».

وتیشی:«من لێرە نانی ساجی ئەکەم و موشتەریەکانیش زۆر رازین لەکارەکەمان».

ئەگەرچی لە کارگەکەدا چەند جۆرێک نان دروست دەکرێت، بەڵام کەرەستە بەکارهاتوەکانی سەرەتایی و سادەن، ئەمەش ئەگەرچی کار دەکاتە سەر ئاستی بەرهەمی کارگەکە، بەڵام هاوکات واشیکردوە کە ژنانی کرێکار هەست بە نامۆیی نەکەن، چونکە ئەم کار و پیشەیە، پێشتر ئەنجامیانداوەو پێیئاشنان.

فاتمە، لەوبارەوە وتی: «کەرەستەکانمان سەرەتاین، بەڵام بەپێی توانای خۆمان کاردەکەین بۆئەوەی رەزامەندی کڕیارەکانمان بەدەست بێنین».

محەمەد لوقمان، خاوەنی کارگەی نانی خۆماڵی، لەبارەی بیرۆکەی کارەکەیانەوە وتی: «سەرەتا من سوپەرمارکێتم هەبو، بەڵام لەگەڵ باوکم بڕیارمان دا کە ئەم شوێنە بکرێت بەنانەوا، ئێستاش خۆشحاڵم کە ئیشەکەمان سەرکەوتوە و توانیومە کارێک بکەم ئافرەتان لێرە بتوانن بە ئاسودەیی کار بکەن».

لەبارەی کاتژمێرەکانی کارکردنیشەوە، (محەمەد) وتی: «کارکردن بە دو شەفتە: بەیانیان و ئێواران، بەیانیان لە سەعات شەشی بەیانی تاوەکو دوانزەی نیوەڕۆیەو ئێوارانیش لە یەکی نیوەڕۆوە دەستپێدەکات تاوەکو چواری ئێوارە».

چەند ساڵێکە رێژەی کارکردنی ژنان لە گەرمیان روی لە زیادبون کردوە، بەتایبەتی لەگەڵ دروستبونی شوێنکار و کارگەو کردنەوەی بازاڕ و مارکێتی نوێ.

بەوتەی سەرۆکی لقی سەندیکای کرێکاران و پیشەوەرانی کوردستان، رێژەی کارکردنی ژنان لەگەرمیان رۆژ دوای رۆژ رو لە زیادبونە.

عومەر محەمەد، بۆ (نەوژین) وتی: «ئەگەر حکومەت پاڵپشتییان بکات، ئەوا بەدڵنیاییەوە رێژەکە زۆرتریش دەبێت».

ئەو ژنانەی لەکارگەی نانی خۆماڵی کاردەکەن، باسلەوەدەکەن کە ئەگەرچی کارەکەیان ماندوکەرە، بەڵام دڵخۆش و ئاسودەن بە دەرەنجامەکان.

ئەفتاو حەمەنەجیب، لەوبارەوە وتی: «هەرچەند کاتی کارکردنمان زۆرە، بەڵام رێگر نەبوە لەبەردەم پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان». وتیشی: «دڵخۆشم کە دەتوانم کاربکەم و ئەوەش زیاتر دڵخۆشم دەکات کەماڵەوەمان پشتیوان و هاوکارمن».

هاوکات، (فاتمە عەزیز) وتی: «ئەمکارە چەندێک ماندوکەرە، بەڵام دڵخۆشین کە ئەتوانین کاربکەین و داهاتێکی بچوکمان هەبێت بۆ خۆمان و خێزانەکەمان».

لەگەڵ گەشەسەندنی کاری نانکردن و کردنەوەی چەند کارگەیەک لە شارەکانی سلێمانی و هەولێر، لەسنوری گەرمیانیش دا ماوەیەکە لەچەند شوێنێک کارگەی دروستکردنی نان کراوەتەوە، ئەوەی ئەو کارگانەش جیادەکاتەوە لە ئیشوکارەکانی تر ئەوەیە کە زۆرینەی ستافەکانیان لە ژنان پێکدێت.

# شیرین،
# ژنێک دەستبەرداری خوێنی فەرهادەکەی نابێت




■ نەوژین، زریان محەمەد

**زۆربەمان (شیرین) بەوە دەناسین کە هاوسەری شەهیدی قەڵەم (کاوە گەرمیانی)یە، بەڵام ڕەنگە زۆربەمان وردەکاریی ژیانی ئەم ژنە نەزانین، کە پڕە لە چەرمەسەریی بەجێماوێکی ئەنفال کەنەیهێشتوە تاڵیەکان چۆکی پێدابدات و لەژیانی بخات، بەڵکو خۆیشی وەکو ڕۆژنامەنوس و نوسەر کاری کردوەو هەر لەو ڕێگەیەشەوە (کاوە)ی هاوسەری ناسیوە.**

شیرین، کە تەمەنی (٢٩) ساڵە، بەم تەمەنە کەمەوە توشی چەندین نەهامەتی و سەختی ژیان بوە، کە دواهەمینیان لە دەستدانی هاوسەرەکەیەتی لە دوای چەند مانگێک لە هاوسەرگیری، سەرەڕای هەمو ئەمانە، هیچ شتێک چۆکی پێدانەداوە.

شیرین ئەمین لەدایک بوی گوندێکی سەربە ناحییەی ڕزگارییە لە قەزای کەلار نیشتەجێیە، بەهۆی شاڵاوی ئەنفالەوە باوکی لە دەست دەدات، بۆ ماوەی (٦) مانگ لە نوگرە سەلمان دەمێننەوە لەگەڵ دایکی و دو خوشکەکەیدا دواتر ئازاد دەکرێن، بەڵام شیرین لە خێزانەکەی دادەبرێت.

لە سەردانێکی (نەوژین)دا بۆماڵی خاتو (شرین)، بەمشێوەیە سەرگوزەشتەی ژیانی خۆی گێڕایەوە: «لەدوای پرۆسەی ئەنفال باوکم و بەشێکی زۆری کەس و کارەکەمم لەدەستدا و خوشکێکیشم بەهۆی روداوی هاتوچۆوە گیانی لەدەست دا».

> کاوەم لەڕێگەی قەڵەمەوە ناسی هەر لەڕێگەی قەڵەمیشەوە لە دەستمدا

وتیشی: «هەر بەهۆی ئەو شاڵاوەوە خێزانەکەم پەرتەوازە بوین، من لە دایکم و خوشکەکەی ترم دابرام، دایکیشم دوای چەند ساڵێک لە پرۆسەی ئەنفال هاوسەرگیری دوەمی ئەنجام دایەوە، منیش کە تەمەنم کەمتر لە ساڵێک بو پورم گرتمیە خۆی کە ئەویش هەمو کەس و کاری ئەنفال ببون».

ئاماژەی بەوەشکرد: «بەهۆی ئەوەی کە لە تەمەنیکی کەمدا لە خێزانەکەم دابرا بوم، ئەگەر ڕۆژێک ئەوانم لە جێگەیەکدا بینیبا هەرگیز نەمدەزانی کە دایکمە، کاتێ کە دایکی خۆمم بینیەوە ئەوکات تەمەنم (١٠) ساڵ بو کە پۆلی سێیەمی سەرەتای بوم».

خاتو شیرین بە ئارامی و خۆڕاگرییەکی زۆرەوە بۆ (نەوژین) باس لەوە دەکات: «پورم بە هۆی ئەوەی کە خێزانەکەی لە دەستدابو، بونی منی بە ئەوانەوە بەستەوە، بۆیە لە پێناو دابینکردنی ژیانیکی شایستەو ئارام بۆ من چەندین کاری ئەنجامدا، لە کاتی خۆیدا منی خستە بەر خوێندن و بە سەربەرزی خوێندنەکەمم تەواو کرد، لەگەڵ ئەوەشدا پورم لەوەتەی فامم کردەوە ئەوەی پێوتم کەوا من دایکی تۆ نیم بۆیە لە بری ئەوەی بە دایکە بانگی بکەم هەر بە پورێ بانگم دەکرد».

وتیشی: لەپاڵ خوێندنەکەمدا کاری ڕێکخراوەی و ڕۆژنامەوانیشم ئەنجامدا. شیرینی کاوە گەرمیانی کە ناو بە ناو نوسین و شیعری لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکردەوە، ئەو نوسین و شیعر و راپۆرتانەی ڕەنگدانەوەی سەرەکی ژیانی خۆی بو، لە ڕێگەی نوسینی ئەو هۆنراوەیەی کە بۆ خۆی و باوکی نوسیویەتی بۆ یادی ئەنفال کەسێک دەناسێت بەناوی (کاوە گەرمیانی) کە ئێستا سیمبوڵی شەهیدانی قەڵەمە.

لە دوای هەمو ئەو نەهامەتیانەی کە لە رابردودا چەشتویەتی هاتن و ناسینی کاوە بۆ شیرین دەبێتە سەرەتای ژیانیکی نوێ، شیرین لە ڕیگەی نوسین و لە بەروارێکی جواندا لە ١٢-١٢-٢٠١٢ بڕیاری هاوسەرگیری دەدات لەگەڵ کاوە گەرمیانی.

بەڵام هەر وەکو شیرین ئاماژەی پێکرد: «دەستی ڕەشی تاریک پەرەستان نەیانهێشت، مۆمی ساڵێکی ئەویندارى و هاوسەرگیریان دابگیرسێنن، یەک هەفتە پێش یادی هاوسەرگیرییەکەیان (کاوە) ی هاوسەریان شەهید کردو دوبارەو بۆ هەمیشە ژیانی شیرینیان خزاندە نێو تاریکی و خەمی ڕۆژگارەوە».

خاتو شیرین بە تاسەوە وتی: «من لە ڕێگەی قەڵەمەوە کاوەم ناسی هەر لە ڕێگەی قەڵەمیشەوە لە دەستمدا، هەرچەندە من کاری ڕۆژنامەوانی پیشەیەکی سەرەکی من نەبوە، بەڵام ئەگەر ڕۆژێک دیسان قەڵەمم هەڵگرتەوە ئەوە ئەمەوێ وەک قەڵەمەکەی کاوە هەڵی بگرمەوە».

بە قورگی پڕ لە گریانەوە ئەوەشی وت: «قسەیەکی کاوەی هاوسەرم هەیە کە هەرگیزاو هەرگیز بیرم ناچێتەوە، ئەویش ئەوەیە دوای کۆتای هاتنی وەرزی هاوین هەڵگرتنی موبەریدەی ماڵەوە پێی وتم شیرین ئەوا گەرمای هاوین تەواو بو ڕەنگە دۆزەخیش هێندەی ئەم ژیانەی ئێمە گەرم بێت، منیش پێم وت خوا گەورەیە ڕەنگە بۆ هاوینی داهاتو گوزەرانمان باشتر بێت، بەڵام پێش ئەوەی هاوین بێتەوە کاوەیان بۆ هەمیشە لە من وەرگرتەوە.»

لە دوای (١٧) ڕۆژ لە شەهیدبونی کاوە گەرمیانی، شیرین کاوەیەکی تر دێتە ژیانیەوە ئەویش (ئامەدە).

«دایکی ئامەد» بە ئاهێکی قوڵەوە درێژەی بە قسەکانیداو وتی: «هەمو داهاتوم و ژیانیشم بۆ ئامەدە جگە لە ئامەد هیچ شتێک گرنگ نیە بۆم هەر بەهۆی ئامەدیشەوە بەسەر هەمو بەر بەستێک زاڵ دەبم».

وتیشی: «هەروەک چۆن خۆم لە وێنەشدا باوکی خۆمم نەدیوە، بەڵام ئامەد جیاوازتر لە خۆم باوکی لە وێنەدا بینیوە و بەبێ ئەوەی بزانێ باوکیەتی و لە دەستیشی داوە».

ئاماژەی بەوەشکرد: «هەمیشە گەورەترین ترس و پرسیاری ژیانم بۆ ئاماد ئەوەیە کە گەورە بو چۆن و چی پێبڵێم گەر بڵێت باوکم کێیەو لە کوێیە؟!»





# تاکە ژنە فرۆشیارەکەی کەرەستەی مۆبایل لەکەلار، کاسبیەکەیان پێ ڕەوا نابینی!

■ نەوژین، جوانە جەلیل

**لەو گەرما تاقەت پروکێنەی کە خەریکە باڵ بەسەر گەرمیان دا دەکێشێت و لە یەکێک لە شەقامە قەرەباڵخەکانی بازاری کەلاردا، سەرەڕای زۆری تەمەنی و کۆمەڵێک نەخۆشی، پورە نەرمین لەگەڵ یەکێک لە نەوەکانیدا، بۆ ماوەی (٢) ساڵە لەسەر عەرەبانەیەکی گەڕۆک، خەریکی فرۆشتنی پێداویستیەکانی مۆبایلە بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانیان.**

بەکاریگەری قەیرانی دارایی، ژمارەیەکی زۆر لە ژنان رویان لە کار و پیشەی جیاواز کردوە، ئەوان لێناگەڕێن قەیرانی دارایی خۆیان و منالەکانیان برسیی بکات، بەڵکو خۆنەویستانە دەستیان بە کارکردن کردوە و لەم ڕێگەیەوە بژێویی خۆیان و خێزانەکەیان پەیدا دەکەن.

پورە نەرمین، نمونەیەکی ئەو ژنانەیە. (نەرمین مەحمود)ی تەمەن (٥٧) ساڵ، دانیشتوی قەزای کەلارە، ڕۆژانە لە دوای تەواو کردنی کاری ماڵەوەی، دێتە ناوبازاڕ و لە دوای نیوەڕۆ تاوەکو ئێوارە کاردەکات بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆی و نەوەکانی.

پورە نەرمین باس لە نەهامەتیەکانی ژیانی خۆی بۆ (نەوژین) دەکات و دەڵێت: «ماوەی (٢٥) ساڵە هاوسەرەکەمم لە دەست داوە، (٩) منالی لە دوای خۆی بە جێهێشت کە (٣) کوڕ و (٦) کچن، بۆ ئەوەی ئەوان گەورە بکەم چەندین کارم ئەنجام دا».

وتیشی: «لە دوای لە دەستدانی هاوسەرەکەم جگە لەم کارەی کە ئێستا دەیکەم چەندین کاری دیکەم ئەنجامدا لە وانە: (کارگوزاری، نۆکاو فرۆشتن و شیرینی فرۆشتن) بۆ ئەوەی منداڵەکانم بە خێو بکەم».

پورە (نەرمین)، بە دەم فرۆشتنی کەلوپەلەکانیەوە قسەی بۆ (نەوژین) دەکردو بە دەستەکانی ئاماژەی بەوە دەکرد: کە ئەوان بە هۆی بە پێشمەرگە بونی کوڕەکەیانەوە بۆ ماوەی زیاتر لە (٤٠) ساڵ لە شاری بەغداد ژیاون، لە دوای روخانی رژێمی بەعسەوە دەگەڕێنەوە کوردستان و لە شاری کەلار و لە خانویەکی کرێدا جێگیر دەبن.

دەڵێت: «لە شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا بە هۆی تەقاندنی تۆپەوە لە لایەن وڵاتی ئێرانەوە، کوڕەکەم بە هۆی ترسەوە توشی نەخۆشی دەرونی دەبێت، دواتر بەهۆی ئەوەی کە خۆم رۆشتمە بەغداد بۆ وەرگرتنی خۆراک تا هاتمەوە لە ماڵ دەرواتە دەرەوە بەهۆی باران و سەرماوە گیانی لەدەستدا لە دوای (٣٢) ساڵ لەخزمەت کردنی».

وتیشی: «دوان لە کچەکانم مێردەکانیان لە دەست دەدەن و خۆیان و منالەکانیان کە (١٠) مندالن دەکەوێتە ئەستۆی من و ئێستاش من بەم تەمەنەوە خەریکی کارکردنم بۆ ئەوەی ئەوان گەورە بکەم و خوێندنەکانیان تەواو بکەن».

> دوای لەدەستدانی هاوسەرەکەم بۆ ژیاندنی منالەکانم چەندین کارم ئەنجامداوە

پورە نەرمین، سەرەڕای بەخێوکردنی نەوەکانی و کچەکانی، بەخێوکردنی براکەی و منالەکانی دەکەوێتە ئەستۆی، بەهۆی لەدەستدانی خێزانەکەی واتە (براژنەکەی).

وتیشی: «براکەم بەهۆی ئەوەی فیشەکێک لە مێشکی ماوەتەوە توشی (کەمئەندامیی) بوە، توانای کارکردنی نیەو تەنها موچەیەکی (٢٠٠) هەزاری هەیە ئەویش دەدات بە کرێ خانو، بۆیە بەخێوکردنی ئەوانیشم لە ئەستۆ دایە»

پورە نەرمین، باسی لەوەشکرد یەکێکی تر لە کوڕەکانم بەهۆی ئاگر کەوتنەوە لە ماڵەکەیاندا خێزانەکەی و دو منداڵەکەی لە دەست دەدات و بەو هۆیەشەوە توشی نەخۆشی دەرونی دەبێت، هەروەک لەبەر نەبونی و هەژاریی، تاقە کچەکەشی کە ماوەتەوە و هاوسەرگیری نەکردوە، بنێرێتە لای یەکێک لە کچەکانی کە لە (عەمارە) نیشتەجێیە.

پورە نەرمین، سەرباری ئەوەی کرێچیە و بەخێوکردنی ئەو خێزانە گەورەیەی لە ئەستۆ دایە، تاوەکو ئێستاش هیچ موچەیەکی نیەو کرێی چوار مانگی خانوش قەرزارە. ئەو باسی لەوەشکرد زیاتر لە (١) ملیۆن دینار قەرزاری دوکانی خواردن و سەوزەیە و لەلایەن هەندێک کەس و خێرخوازەوە هاوکاری دەکرێت.

هەفتەی رابردو، لیژنە ئەمنیەکان بڕیاریان دا وەستانی عەرەبانە لەبازاڕی کەلار قەدەغە بکەن، ئەم بڕیارە پورە (نەرمین)یشی گرتەوە و لەو تاکە سەرچاوە بژێویەشیان کرد، ئێستا لەسەر شۆستەکان کەرەستەکانی داناوە بۆ فرۆشتن.

بەخەمگینییەوە وتی: «دابینکردنی خەرجی و مەسرەفی خێزانێکی (١٨) کەسی بەچی و چۆن دەکرێت؟!»

# دو کچە شێوەکار لە کفری زیاتر لە ١٠ پێشانگای تایبەتیان کردوەتەوە

■ نەوژین، ئەشرف ئەحمەد

**لەکۆمەڵگایەک دا کە «بەنێرسالار» ناسراوە و لەکایەیەکدا کە ژمارەی ژنانی تێدا کەم و دیارییکراوە، دو کچ توانیویانە وەکو دو شێوەکاری کارا دەربکەون و لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا، بەشداریی لە سەروی ٣٥ پێشانگای تایبەت و هاوبەش دا بکەن.**









هەردو نیگارکێش (دیلان سەلام) و (شێوە حسێن)، دەرچوی پەیمانگا هونەرەجوانەکانن، بۆ ماوەی ٧ ساڵە خەریکی کاری هونەرین لە قەزای کفری، پێکەوە تائێستا ١٠ پێشەنگای تایبەتیان هەیە لەگەڵ ٢٥ پێشەنگای هاوبەش لە قەزاکە و دەرەوەی قەزاکە. وەکخۆیان باسیلێوەدەکەن دەیانەوێت نەهامەتییەکانی ئافرەتی کورد بخەنە سەر تابلۆکانیان.

دیلان سەلام، ٢٤ ساڵ، بۆ (نەوژین) وتی: «ئەمەوێت لە رێگەی تابلۆکانمانەوە ئەوە بگەیەنین ئافرەت هیچ جیاوازییەکی نیە لەگەڵ پیاوان، ئێمەش دەتوانین کاربکەین شان بەشانی پیاوان، بۆیە با بەس بێت جیاوازیکردن لە نێوان ئافرەت و پیاو».

شێوە حسێن، ٢٤ ساڵ، باسلەوەدەکات کە ئەگەرچی بەراورد بە پیاوان کەمتر پشتگیریی کچانی هونەرمەند دەکرێن، بەڵام ئەوان توانیویانە بەردەوام بن و پەرە بەکارەکانیان بدەن. بۆ (نەوژین) وتی: «لە روی هونەرەوە کەمترین پشتگریمان هەیە، چونکە پێیانوایە ئێمە ئافرەتین نابێت رۆڵمان هەبێ لە کۆمەڵگە و لەبری ئەوەی بەچاوی مرۆڤ بونەوە سەیر بکرێین کەچی بەچاوی ئافرەت بون سەیردەکرێین».

لەرابردودا بەشداریی ژنان لەکایەی هونەریی لەگەرمیان بەگشتی و کفری بەتایبەت، لەئاستی پێویست دا نەبوە، بەڵام ماوەیەکەو بەشداریی ژنان لەو بوارەدا روی لەهەڵکشان کردوەتەوە، بەتایبەت لە قەزای کفری گروپێکی شێوەکاری تایبەت بە کچان پێکهاتوە کە بەردەوام چالاکی هونەریی جیاواز ئەنجام دەدەن.

ئەو دو کچە هونەرمەندە، جەخت لەوە دەکەنەوە کە لەئێستادا بەشداریی ژنان لەکاری هونەریی لە دەڤەرەکە روی لە هەڵکشان کردوە. (دیلان) وتی: «پێشوتر هونەری شێوەکاری زۆر پشتگوێی خرا بو، بەڵام ئێستا پێچەوانە بوەتەوە، چونکە وەکو دەبینرێت هونەر جوڵەییەکی باشی بە خۆوە بینیوە».

(شێوە)ش وەک جەختکردنەوە لەرای هاورێکەی، وتی: «بە بۆچونی من چالاکی و جوڵەی هونەر لەلای ئافرەتان لە گەرمیان، زۆر زیاتر بوە لەچاو شارەکانی تری کوردستان.»

لەگەڵ ئەوەی زۆرجار کۆمەڵگاو نەریتەکانی بەهۆکاری سستی و لاوازیی بەشداری ژنان لەکایەی هونەریی هەژمار دەکرێت، بەڵام هاوکات هەوڵ و پشتگیرییش هەیە بۆ ژنان بۆ ئەوەی بەردەوام بن لەکارە هونەرییەکانیان.

(دیلان) و (شێوە)، تاڕادەیەک لە دەستی کۆمەڵگەی دەوروبەریان رازین «تاڕادەیەکی باش کۆمەڵگە و دەوروبەر هاوکارمانن، راستە هەمو کۆمەڵگا نییە، بەڵام کۆمەڵێک هاوکاری جدیمان هەیە لە کارەکانمان بەتایبەتی ماڵەوەمان».

دیلان، لەوبارەوە وتی: «خێزانەکانمان رۆڵیان زۆربوە تا بتوانین کارە هونەرییەکانمان ئەنجامبدەین، هاوکارییەکانیان وایکردوە ئێمە ئەم ماوە زۆرە بەردەوامبین لەکارەکانمان».

(شێوە)ش وتی: «هیوامویە کۆمەڵگە رۆشنبیرتر بێت لە ئاست کارە هونەرییەکان، چونکە کۆمەڵگەی ئێمە زۆری ماوە لە تابلۆ و ناخی ئافرەتی کورد تێبگات».

ئەو دو شێوەکارە، باسیان لەوەکرد کەتائێستا زۆرتر بەشدارییان لەپێشانگا تایبەت و گشتیەکانی کچانی شێوەکاردا کردوە و لەگەڵ پیاوانی هونەرمەند چالاکی هاوبەشیان نەبوە. بۆ ئەمەش وتیان: «بیرمان لێکردوەتەوە لە ئایندە دا لەگەڵ پیاوان کاری هاوبەشمان هەبێت».

لەبارەی جۆری کار و تابلۆ هونەریەکانیانەوە، ئەو دو نیگارکێشە باسلەوەدەکەن هەردوکیان بە قیاسی جیاواز و رەنگی جیاواز تابلۆ دەکێشن، زۆرینەی تابلۆکانیشیان جەختکردنەوەیە لە پیشاندانی کێشەو کۆژانەکانی ژنان.

لەوبارەوە (دیلان) وتی: «ئێمە بە هەمو جۆرە قیاسێک کار دەکەین و زۆربەی رەنگەکان بەکاردێنین».

وتیشی: «لەروی رەنگەوە، بەتایبەتی حەزمان لە تێکەڵکردنی رەنگەکانە لە تابلۆکانمان دا».

شێوە، لەسەر هەمان بابەت وتی: «لە تابلۆکانمان ئافرەت گەورەترین کەسە کە رەنگی دابێتەوە، چونکە پێمانوایە دەبێت کۆمەڵگە بە چاوێکی جیاوازترەوە بڕوانێتە ئافرەتان و کارەکانیان».

وتیشی: «کارکردنی ئێمە و بەردەوامبون و سوربونمان، بەشێکی پەیوەندی بەو پرسیارەوە هەیە: کە بۆچی بۆ پیاو هەمو کارێک ئاسایی بێت، بەڵام بۆ ئافرەتان قەدەغە بێت؟».

# پۆلێک ژنە نوسەری تایبەت لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست

■ نەوژین

**سەرباری ئەو رێگریی و کەنارخستنانەی لەکۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بەگشتی بەرامبەر بە ژنان کراوەو دەکرێت، بەڵام ئەمە واینەکردوە کە رێگریی لە ئەفراندنەکانیان بکات بەتەواوەتیی، بەڵکو بەپێچەوانەوە ژنانێکی زۆر هەن کە توانیویانە لەو بوارانەی کە بەهرەمەندن،پەرە بەئاست و بەهرەکانیان بدەن.**

لەم بابەتەدا، ٨ لە دیارترین ژنانی نوسەرە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەخەینە پێش چاوی ئێوە بەپێی پۆڵینێکی پێگەی «مۆنیتەر».

### رەندە جەرار

نوسەری فەڵەستینی – ئەمریکی، رەندە جەرار، یەکێکە لەناوە دیارەکانی نوسەرانی تاراوگە، زۆرینەی بابەتەکانی گوزارشتە لەو هاوڵاتیە عەرەبانەی کەکێشەی شوناسیان هەیە بەهۆی کۆچکردنیان و ژیانیان لەوڵاتانی دیکە. لەساڵی ٢٠٠٩ رۆمانی «نەخشەی خانو»ی بڵاوکردەوە کە باس لە چیرۆکی کچێکی گەنجی پەڕاگەندەی نێوان وڵاتانی ئەمریکاو کوەیت و میسر دەکات و چیرۆکەکەش پێشوازیەکی باشی لێوەکرا لەلایەن خوێنەرانەوە. لەئێستادا لە ئەمریکا نیشتەجێیەو کاری وانەبێژی لەبواری نوسینی داهێنانکاریی بۆ منداڵانی ئەو ئاوارە عەرەب و رۆژهەڵاتیانە دەکات کە لەو وڵاتە دەخوێنن.

### سەمەر یەزبەک

لەساڵی ٢٠١١ دا بەدیارییکراویی، ژنە رۆژنامەنوس و چالاکوانی سوریی، سەمەر یەزبەک، بوە ناوێکی دیار، ئەویش پاش ئەوەی بەپێچەوانەی خێزانە عەلەویەکەیەوە، دژی رژێمی (بەشار ئەسەد) وەستایەوەو پشتیوانی لە شۆڕشی سوریا کرد، ئەمەش ناچاری کرد کە وڵاتەکەی بەجێبێڵێت و رو لە فەرەنسا بکات، پاشتریش کتێبێکی لەبارەی بۆچون و یاداشتەکانی ئەو قۆناغەی نوسیەوە.

هەوڵەکانی نوسینی ئەم ژنە نوسەرە بۆپێشتر دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەو گرنگییەی پێنەدراوە، بەتایبەتی لەساڵی ٢٠٠٧ دا رۆمانێکی بڵاوکردەوە کەتیایدا باس لەدۆخی سوریای پێش شۆڕش دەکات و پێشبینی کردوە شۆڕش و راپەڕین لە سوریا سەرهەڵبدات.

### سۆفیا ئەلمەرییە

ژنە نوسەر و هونەرمەند و سینەماکاری قەتەری-ئەمریکی، لە لیستی ئەو نوسەرانەدایە کە گرنگیی بە پرسی «شوناس» دەدەن بۆ ئەو مرۆڤانەی کە لە دو شوێن و ژینگەی جیاوازی کەلتوری ژیاون. ئەو لەباوکێکی قەتەریی بەدو و دایکێکی ئەمریکی لەواشنتۆن هاتۆتە دونیاوە. ناوبانگیشی وەکو نوسەر بەهۆی ئەو یاداشتانەوە بو کە بڵاویکردونەتەوە لەم چوارچێوەیەدا بەناوی «ئەو کچەی کەوتە سەر هەسارەی زەوی».

کتێبەکەشی باسی ئەو بەریەککەوتن و کێشمەکێشە کەلتورییەیە کەلەنێوان ژینگەیەکی وەکو کەنداو دا بونی هەیە لەنێوان ئاراستەیەک کە پێداگیریی دەکات لەپاراستنی دابونەریتەکان و ئاراستەیەکیش کەچاوی لەبەرەوپێشەوەچونە.

### بەدریە ئەلبەشر

مێژوی نوسینی ئەم ژنە نوسەرە سعودیە دێرینە، بەڵام لەساڵی ٢٠١٤ ناوبانگی زیاتری پەیداکرد پاش ئەوەی رۆمانەکەی « غراميات شارع الأعشی» بۆ لیستی باشترین رۆمانە عەرەبیەکان لەو ساڵەدا پاڵێورا.

چیرۆکی نوسین و رۆمانەکانی بەدریە، بەزۆریی تیشکخستنەسەر ئەو تێکۆشان و هەوڵانەیە کە ژنانی سعودیە بۆ دەستخستنی ماف و ئازادیە کەسییەکانیان دەیدەن، لەسەر ئەم نوسینانەش روبەروی زۆر هێرش و فەتوای لە ئاین دەرچون کراوەتەوە.

### ئەحلام موستەغانمی

ئەحلام بە بەناوبانگترین رۆماننوسی عەرەبی لەجیهاندا ناودەبرێت، ئەویش پاش زنجیرەیەک رۆمانی بەپێز کە ناو و ناوبانگێکی زۆری پێدا. رۆمانی «ذاكره الجسد» لەساڵی ١٩٩٨ دا خەڵاتی (نەجیب مەحفوز)ی بۆ ئەدەب پێبەخشرا.

ئەم نوسەرە بە رۆمانە سیانییەکەی بەناوبانگە کە چیرۆکی شۆڕش و توندڕەویی و خۆشەویستیی و شکست و هەستانەوەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر پرسی دیکە لەخۆدەگرێت.

### میرال ئەلتەحاوی

ژنە نوسەری میسریی (میرال ئەلتەحاوی)، زۆرینەی نوسینەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جوگرافیایەی پێی دەڵێن «دەلتا نیل» ئەو شوێنەی کەلێی لەدایکبوەو پێگەیشتوە. بەزۆریش ئازار و کۆژانەکانی ژنانی ئەو ناوچەیەو میسر بەگشتی لە رۆمانەکانی دا دەخاتە رو.

لەسەرەتاوە پەیوەندیی لەگەڵ رێکخراوی «ئیخوان موسلیمین» دا هەبوەو رۆڵیان لەبڵاوکردنەوەی نوسینەکانی دا هەبوە، بەڵام دواتر لێیان جیابوەتەوە بەهۆی ئەو رەخنانەی هەیبوە لە تیڕوانینان بۆ ژنان و مافەکانیان.

ئێستا لە ئەمریکا دەژێت و دواین رۆمانیشی تایبەتە بەباسکردنی ئەو ئازارانە کە کەسانی کۆچبەری وەکو ئەو لە تاراوگە دا توشی دەبن.

### ئەلیف شەفەق

ژنە نوسەری تورک (ئەلیف شەفەق)، یەکێکە لە بەناوبانگترین نوسەرانی ژن لە رۆژهەڵات، کە رۆمانەکانی بۆ زیاتر لە ٣٠ زمان وەرگێڕدراون.

ئەم ژنە نوسینەکانی پشت بەو ئەزمون و گەڕانە دەبەستێت لەژیانی داو لەنێوان شارە جیاوازەکانی (ئەنقەرە، کۆڵن، عەمان و بۆستن) دا ئەنجامیداوە، هەروەک پشتیش بەو زانیاریی و لێهاتویە دەبەستێت کەلەبواری سۆفیگەریی و مێژوی عوسمانی دا هەیەتی.

ئەلیف شەفەق بەوەناسراوە کە باوەڕ و راکانی بەشێوەیەکی راستوڕەوان دەڵێت بەبێ گوێدانە کاردانەوەکان.

### نیدا خوریی

یەکەم ژنە شاعیری عەرەبی-ئسیرائیلییە کە شیعرەکانی دەخرێنە ناو پرۆگرامەکانی خوێندنی ئیسرائیلەوە.

خوریی، لە فەڵەستین لەدایکبوەو مامۆستای زانکۆیەو خاوەنی ٧ کۆمەڵە شیعرە کەزۆرینەیان بەزمانی عەرەبی نوسیوەو دواتر بۆ زمانی دیکە وەرگێڕدراون.











# هاوسەرگیرییکردن، کچانی خوێندکار روبەروی ئاستەنگ و دەستبەرداربون لە خوێندنیان دەکاتەوە

■ نەوژین، شاناز جاف

**ئەگەرچی (سارا) لە تەمەن و لە قۆناغی خوێندنیش دا هاوشانی هاورێکانێتی، بەڵام وەکو ئەوان دەرفەتی نییە بۆ خوێندن و بە زەحمەتێکی زۆرەوە دەتوانێت بخوێنێت، هۆکارەکەشی وەکخۆی دەیڵێت، هی ئەوەیە کە هاوسەرگیریی کردوە.**

ئەو کە تەمەنی ١٨ ساڵەو پۆلی ١٢ی ئامادەییە، ساڵێکە چوەتە نێو ژیانی هاوسەرێتییەوە ئەگەرچی هێشتا خوێندکارە، ئەمەش وایکردوە کە روبەروی ئاستەنگ و زەحمەتێکی زۆر ببێتەوە لە تەواوکردنی خوێندن دا.

لەگەرمیان دا و سەرباری کەمی تەمەن و سەرقاڵبونیان بەخوێندنەوە، بەڵام بەشێک لە کچانی خوێندکار دەچنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوەو «شو دەکەن». ئەوان سەرباری پێکهێنانی هاوسەرگیریی، بەڵام دەستبەرداری خوێندنەکەیان نەبون و درێژەی پێدەدەن، ئەگەرچی ئەمە روبەروی ئاستەنگ و نارەحەتییان دەکاتەوە.

سارا کەریم، لەوبارەوە بۆ (نەوژین) وتی: «خۆم راموایە تەمەنێکی گونجاوە کە هاوسەرگیریم تێدا کردوە، بەڵام کێشەکە ئەوەیە کە زەحمەتێکی زۆر دەبینم لەخوێندنەکەم، چونکە وەکو پێشتر بە ئاسانیی ناتوانم بخوێنم و کاتی زۆرم بۆ ئەو مەبەستە نییە».

وتیشی: «کە کچ بوم دەرفەتی خوێندنم زۆر بو، بەڵام ئێستا ئەرکی ماڵ و هاوسەرگیریم لەسەر شانە و سەرقاڵییم زۆر تر بوە، بۆیە ئەمە تارادەیەکی زۆر خوێندنەکەی لەسەر گران کردوم».

ئەمەی (سارا) ئاماژەی پێکرد، بەرێوەبەری خوێندنگایەکیش جەختی لێدەکاتەوە، باسلەوەدەکات هاوسەرگیرییکردنی کچانی خوێندکاری ئامادەیی بەتایبەت، زیانەکانی زیاترە.

شیلان رەحمان قاسم، بەرێوەبەری خوێندنگەی رەوشتی کچان لەشاری کەلار، بۆ (نەوژین) وتی: «هاوسەرگیرییکردنی کچان لەم قۆناغەی خوێندن دا کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر ئاستی خوێندکارەکە، بەتایبەتی وادەکات لە خوێندنەکەی داببرێت».

وتیشی: «زۆرجار بەهۆی ژیانی هاوسەرێتیەوە ئەو خوێندکارانە دادەبرێن بۆ ماوەیەک لە خوێندن و دەوام، لەکاتێکدا خوێندن پرۆسەیەکی بەیەکەوە گرێدراوەو دابڕان لێی خوێندکار توشی گرفت و نارەحەتی دەکات».

بەگشتی ئەو مامۆستایە هێمای بە لاوازیی ئاستی ئەو خوێندکارانە کرد کە هاوسەرگیرییان کردوەو باسلەوەدەکات بەهۆی سەرقاڵبونیان بە ژیانی هاوسەرێتی و مێرد و مناڵەوە، کەمتر کاتیان دەبێت بۆ خوێندن و بەرەوپێشەوەچون لە خوێندن دا «بۆیە داوا دەکەم کچان لەم تەمەنەدا تەرکیزیان لەسەر خوێندن بێت نەک هاوسەرگیریی».

قسەی ئەم مامۆستایە، خوێندکارێک کە هاوسەرگیریی کردوە، جەختی لێدەکاتەوەو پشتیوانی دەکات.

دەرون ئەحمەد، خوێندکاری پۆلی ١٢ی ئامادەیی کە ٣ ساڵە هاوسەرگیریی کردوەو خاوەنی مناڵێکە، بۆ (نەوژین) وتی: «من لە ئەزمونی خۆمەوە بۆم دەرکەوتوە کە هیچ باش نییە کچانی خوێندکار لەم تەمەنە هاوسەرگیریی بکەن، چونکە فریای هیچ ناکەون و بە زەحمەت دەتوانن بخوێنن».

وتیشی: «من بۆ خۆم کەدەچمەوە ماڵەوە، کاتێکی زۆرم بۆ ماڵ و هاوسەر و مناڵەکەم دەبێت و کاتێکی ئەوتۆم لەبەردەست دا نابێت بۆ خوێندنەکەم، تەنانەت بەهۆی سەرقاڵیەوە زۆرجار ناتوانم هەر بچمەوە بۆ خوێندنگەو ئامادە نابم، کە ئەمانە هەموی کاریگەریی لەسەرم هەیە».

سەرباری کەمی کات و سەرقاڵبون بە ژیانی خێزانییەوە، توێژەرێکی دەرونی پێیوایە کە خوێندکارانی خێزاندار، بیریان پەرتەوازە ترە لەچاو خوێندکارانی دیکە و ناتوانن بەباشیی بەرەوپێشەوە بچن.

هەیفا سەلاحەدین، توێژەری دەرونی، بە (نەوژین)ی وت: «خوێندکارانی هاوسەردار، ئەرکی خێزانیان زیاترەو کاتیان کەمتر، ئەمەش وادەکات بەباشیی نەتوانن بخوێنن و خۆیان بۆ ئەم پرۆسەیە ئامادە بکەن».

وتیشی: «بەهۆی فشاری خێزان و هەندێکجار کێشە کۆمەڵایەتییەکان و ماندوبونی زۆر و هەروەها دوگیانی و کێشەی جەستەیی، بۆیە بیر و زاکیرەی ئەو خوێندکارانە پەرتەو ناتوانن بیریان بۆ خوێندن بە باشیی کۆ بکەنەوەو تیایدا سەرکەوتو بن».

(م.شیلان رەحمان)یش، ئاماژەی بەوەکرد کە بەهۆی ئەم فشارانەوە، زۆرجار ئەو خوێندکارانە دەستبەداری خوێندن دەبن.

وتی: «زۆرجار ئەو خوێندکارانە بەهۆی ئەوەی هاوسەرگیرییان کردوە، خوێندنەکەیان بەلاوەکی سەیر دەکەن و بۆیە ناچار دەستبەداری خوێندنەکەیان دەبن و وازی لێدێنن».

(سارا)ش جەختی لە قسەکانی مامۆستاکەی کردەوە.

باسیلەوەشکرد کە ئەگەرچی هاوسەرەکەی زۆر پشتگیریی دەکات لە خوێندنەکەی دا، بەڵام خودی خۆی زۆر هەست بە فشار دەکات بەهۆی سەرقاڵیی ژیانی خێزانییەوە، بۆیە بە پێداگیرییەوە ئەوەی دوپاتکردەوە «شوکردن لەم قۆناغەدا هیچ باش نییە».



# کچانی گەرمیان قۆرغکردنی کوڕان بۆ خوێندنی وەرزش تێکدەشکێنن




■ نەوژین،
پەیام لەتیف- هێڤی کەریم

**(چاوان) لە زوەوە ئارەزوی بواری وەرزشی هەبو و دەیویست لەم بوارەدا پسپۆڕیی وەربگرێت، بۆیە کاتێک پێداگیریی کرد لە بڕیاری ئەوەی لە بواری وەرزش دا بخوێنێت، تاڕادەیەکی زۆر دەوروبەرەکەی پێیان سەیر بوە، بەڵام هیچ رێگریان لێنەکرد و لێگەڕان لەو بەشەدا درێژە بەخوێندن بدات، ئەویش توانی پەرە بەئاستی خۆی بدات و ببێتە وەرزشکارێکی باش.**

چاوان عەلی، ئێستا یەکێکە لە خوێندکارانی بەشی وەرزش لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی گەرمیان، سەرباری سەرکەوتویی لە خوێندن دا، لەکاری پراکتیکیش دا بەردەوامەو توانیویەتی لەیاریەکانی گۆڕەپان و مەیدان چەند پاڵەوانێتیەک بباتەوە.

چاوان، نمونەیەکە لەو کچانەی کەلەماوەی چەند ساڵی رابردودا بەحەماس و گەرموگوڕییەوە لەگەرمیان و کوردستان، رویان لە بواری وەرزش کردوە، ئەگەرچی ئەم بوارە زۆرتر وەکو بوارێکی «نێرانە» ناسراوە.

کچان سەرەڕای بەربەستی کومەڵگاو کەمی پشتیوانیی، بەڵام حەزی ئەوان بۆ وەرزش وایکردوە بە ژمارەیەکی زۆر رو لە بەشەکانی خوێندنی وەرزش بکەن.

(چاوان عەلی) کە لەقۆناغی سێیەمی خوێندنی زانکۆیی دایە، بۆ (نەوژین) وتی: «من بەخواستی خۆم هاتوم بۆ بەشی وەرزش و ماڵەوە هیچ رێگریان لێنەکردوم».

وتیشی: «لەیاری گۆڕەپان ومەیدان دا ساڵێک لەسەر ئاستی کوردستان یەکەم بوم، لەداهاتوشدا دەمەوێت ببمە یاریزانێکی باشی گۆڕەپان و مەیدان».

ئەژین محەمەد، یەکێکیترە لەو کچانەی بەخواستی خۆی و بەپشتگیری خێزانەکەی هاتوەتە بەشی وەرزش. ئەو کە دانیشتوی ناحیەی رزگارییە، دەڵێت: «من لەوانە پراکتیکیەکان زۆر باشم و دو ساڵیش لە ماراسۆنی زانکۆ بەشداریمکردوەو ساڵێک یەکەم بوم و ساڵی دواتریش دوەم بوم».

باسیلەوەشکرد پێش هاتنە زانکۆ، پێشینەی کارکردنی لەبواری وەرزش هەبوە «پێش زانکۆ لەچالاکی قوتابخانەکان بەشداریمکردوە و ساڵێک پاڵەوانی گۆڕەپان ومەیدان بوم».

ئەگەرچی (چاوان) و (ئەژین) لەبواری کرداریی «پراکتیکیی» ئاستیان باشەو چەندین پاڵەوانێتیشییان بردوەتەوە،

> بەخواستی خۆم رۆشتومەتە بەشی وەرزش وماڵەوە هیچ رێگریان لێنەکردوم

بەڵام بەشێکی تر و بەرچاوی کچانی بەشی وەرزش، زۆرتر لە بواری تیۆریی دا خۆیان هیلاک دەکەن و ئاستیان باشترە.

باخان فایەق، یەکێکە لەو کچانەی کە زۆرتر لە وانە تیرۆرییەکانی وەرزش خۆی بەباشتر دەزانێت. بۆ (نەوژین) وتی: «لەوانە پراکتیکیەکاندا ئاستم مامناوەندە، بەڵام دەمەوێت پەرە بەتواناکانی خۆم بدەم و لەبواری پراکتیکیش بەرەوپێشەوە بچم، چونکە بەلامەوە گرنگە لەخوێندن لەبواری وەرزش بەردەوامبم».

کوڕانی هاوپۆلی کچانی خوێندکاری بەشی وەرزش، لەبارەی ئاستی هاوڕێ کچەکانیانەوە باسلەوەدەکەن کە ئاستەکان جیاوازن.

پەیوەند فەتحوڵڵا، خوێندکارێکی بەشی وەرزشە لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی گەرمیان، وتی: «کچان بەگشتی لەوانە پراکتیکیەکاندا ئاستیان باشە، هەندێک کچیش هەن ئاستیان زۆر باشە».

لە ساڵی (٢٠٠٧)ەوە بەشی وەرزش لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت لە زانکۆی گەرمیان دامەزراوە، لەئێستاشدا لەکۆی ٢٠١ خوێندکار لەهەمو قوناغەکان، ٥٧ خوێندکاری کچن.

د.حەیدەر باوەخان ئەحمەد، سەروکی بەشەکە، بۆ (نەوژین) وتی: «کچان بەگشتی ئاستیان مامناوەندەو هەندێک لەکچانیش هەن ئاستیان باشەو کچی ئاست زۆر باشیش هەیە».

لەبارەی پێوەرەکانی وەرگرتنی خوێندکارانەوە، (د.حەیدەر) وتی: «پێوەرەکانی وەرگرتنی کچان جیاوازە لەگەڵ کوڕان، ساڵانە رێژەی ٣٠٪ی کورسیەکانمان بۆ کچان تەرخانکراوە».

مامۆستایەکی بەشەکەش، پێیوایە کەلەهەندێک بواردا، ئاستی کچانی خوێندکار لە هی هاوڕێ کوڕەکانیان باشترە.

هۆشیار عومەر، ماموستا لە بەشی وەرزش لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، بۆ (نەوژین) وتی: «لەیارییەکانی (جیملاستیک و یاریەکانی دەست)، کچان ئاستیان زۆر باشە».

سەرباری ئەوەش پێیوایە کە بەشێک لە کچان نەیانتوانیوە ئاستیان پەرەپێبدەن، بۆ ئەمەش «لایەنی کۆمەڵایەتی وخێزانی و نەبونی پاڵپشت لەدەروەی کۆلێژ» بەهۆکار دەزانێت، چونکە بەوتەی ئەو مامۆستایە «ئەگەر کچانی خوێندکاری بواری وەرزش پاڵپشتییان هەبێت، ئەوا وەرزشکاری زۆر باشیان لێدروست دەبێت».

سەرباری نەبونی پاڵپشت، هاوکات زۆرجار کچانی وەرزشکار و خوێندکاری وەرزش، روبەڕوی توانج و تانە دەبنەوە، بەتایبەت لە مەسەلەی پۆشینی جلی تایبەتی وەرزشیی.

وەک (چاوان) ئاماژەی بۆکرد: «زۆرجار بەهۆی جلە وەرزشییەکانمانەوە گوێم لەتوانجی کەسانی تر بوە، بەڵام من ئەو قسانە هەرگیز کاریان لێنەکردوم، بگرە بڕوام بەخۆم زیاتر بوە».

(ئەژین محەمەد)یش، لەوبارەوە وتی: «خەڵک بۆ هەمو شتێک قسەی هەیە، بەڵام ئێمە نابێت گوێ بەقسەی خەڵک بدەین، جوانترین وەڵامیش بۆ قسەی خەڵکی ئەوەیە بەجوانی هەڵسوکەوت بکەین و واز لە بەدیهێنانی خەونەکانمان نەهێنین».

# بەختەوەریی ژن



■ پارێزەر: ژیلا تۆفیق

**بەختەوەریی پلەو پایەیەکە، کەهەمومان وەکو مرۆڤ خەونمانە پێی بگەین، هەوڵ و کار و جوڵە بەردەوامەکانمان، بۆ ئەوەیە بتوانین بەختەوەری بۆ خۆمان و خێزان و دەوروبەرمان دابین بکەین.**

رەنگە زیادەڕۆیی نەبێت، کە بڵێم ژنان زیاتر لەپیاوان خەمی بەختەوەرییانە، بەڵام هەمومان لەسەرنجدان لەدایکانمانەوە ئەوە تێگەیشتوین کە ژنان چەند بەتەنگ بەختەوەریی خۆیانەوەن، ئەوەندەو زیاتریش بەتەنگ بەختەوەری منداڵ و خێزان و نەوەکانیانەوەن.
بەڵام پرسیارە گرنگەکە ئەوەیە: ئایا بەختەوەری بەچیی بەدیدێت؟ ئایا ژنان چەند دەتوانن بەختەوەر بن؟
با پرسیارەکە هەڵبگێڕینەوەو بڵێین: ژنان بۆچی بەختەوەر نابن؟ چ بنەمایەک پێویستە بۆ بەختەوەربونی ژن؟
من لێرەدا دو بنەما دەخەمە رو، کەپێموایە بنەمای سەرەکی و پێویستی بەختەوەربونی ژنانن.
بۆ ئەوەی ژن بەختەوەر بێت و ژیانێکی دروست بژێت، پێویستی بە پەروەردەیەکی باش و رۆشنبیرییەکی باش و تێگەیشتنی فراوان هەیە لەهەمو رویەکەوە، بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندیان بە ماف و ئازادیی کەسییەوە هەیە.

### ١. ژن و ماف

لە ئێستادا بابەتی مافی ئافرەت زۆر باسی لێوەدەکرێت وگرنگی پێدەدرێت کە ئەمەش جێگای دەستخۆشیە، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەیاد بێت هەمیشە لەبەرامبەر بە ماف دا بوارێکی تر هەیە کەپێی دەوترێت «ئەرک».
بۆیە دەبێت ئافرەت باڵانسێک لەنێوان ئەم دو بوارەدا رابگرێت، نە لێبگەڕێت مافی پێشێل بکرێت و لەمافی کەم بکرێتەوە، نە کەموکورتیش بنوێنێت لە ئەرکەکەکانی دا، بێگومان بەشێکی زۆری مافیش لەرێگەی ئەرک و هەوڵدانەوە بەدەست دێت.

### ٢. ژن و ئازادی

ئێمە کەناوی ئازادیی دێنین بۆ ژنان، یەکسەر بیری هەندێک لە خەڵک بۆ «بەرەڵایی» دەچێت، لەکاتێکدا ئەم دو چەمکە، ئاسمان و رێسمان نێوانیانەو کەسانی رۆشنبیر دەزانن کە چەند جیاوازن لەیەکتری و تەنانەت چەند ناکۆکیشن بەیەکتری، چونکە ئازادیی کۆمەڵێک مافی بنەڕەتی و سەرەکیی مرۆڤە، کەلەگەڵیدا لەدایکدەبێت و بەپێی گەشەکردنی تەمەنیشی، ئەویش گەشەدەکات.
هەمومان ئەوە دەزانین کە ئازادی رەها یان ئازادیەک کەسنوری نەبێت، بونی نییە، ئەویش لەبەر ئەوەی رەنگە ئەم بێسنورییە، ئازادی کەسێکی تر پێشێل بکات، کە ئەمەش خۆی لەخۆیدا دژە بە چەمکی «ئازادیی».
ئەوەی کە بۆ ژنان گرنگەو بەشێکی بەرچاو لە بەختەوەرییان پێکدێنێت، ئەوەیە کەوەکو مرۆڤ و هاوشانی رەگەزی نێر، پیادەی ئازادیە بنەڕەتییەکانیان بکەن، لە بوارەکانی: خوێندن، رێزگرتن لەمافەکانیان و پاراستنیان، کارکردن، دەربڕینی بیروڕا، هەڵبژاردنی هاوبەشی ژیان و ...هتد).
هەمیشە کەباسی ئازادی دەکەین، راستەوخۆ پرس و باسی «ئاین» دێتە ئاراوە، هەندێک پێیانوایە ئەوە ئاینە کە ئازادیەکانی ژنانی سنوردار و پێشێلکردوە.
بەڵام من رامولیە کە ئاین بۆخۆی پەیامێکی ئاسمانیی و خواییە بۆ باشترکردن و رێکخستنەوەی ژیانمان، نەک بۆ چەوساندنەوەو پێشێلکردنی مافەکانمان، بەڵام ئەوەی هەیە کەبەداخەوە هەندێک کەس بەناوی ئاینەوە مافەکانی ژنان پێشێل دەکەن، هەندێکی دیکەش ئاین دەکەنە پاساو بۆ پێشێلکردنی مافەکانی ژنان.
بۆیە دەبێت لەم خاڵەدا، بیرکردنەوەیەکی قوڵتر بکەین و باشتر لەسەر هۆ و هۆکارەکان بوەستین.
پێموایە ئەگەر ژن ماف و ئازادیەکانی وەکو پێویست بەدەستهێناو بەرجەستە بو، ئەوکات دەبێتە ئەوەی پێی دەوترێت «ژنی بەختەوەر»، بەڵام هەموشمان دەزانین گەیشتن بەم ئاست و پلەیە هەروەها ئاسان نیە کە من باسم کردوە، بەڵکو رێگاکە پڕ هەوراز و نشێوە، بۆیە ئەوەی گرنگە بۆ ژنان و بۆ بەختەوەر بونی ژنان، ئەم ئامانجانە لەژیانی خۆیان دیاریی بکەن و هەوڵ بۆ جێبەجێکردنی بدەن.
دەبێت ژنان خۆیان یەکەم هۆکاری بەختەوەربونی خۆیان بن، بۆ ئەمەش زیاتر لەهەر شتێک، پێویستیان بە «باوەڕبەخۆبون» هەیە.

# خوێنی ژنان لە چاوەڕوانی یاساو عەدالەت دا



■ گوڵباخ حەسەن

**لەماوەی ئەمساڵ دا، لەکوردستان چەندین ژن کوژراون یاخود ناچار بەخۆکوشتن کراون، کە لانیکەم لە سنوری گەرمیان و خانەقین، کوشتنی کچێک کە تائێستا نەزانراوە کێیەو ناوی چیە، دواهەمینیانە.**

ئەم روداوانە زۆرینەیان لە یەک دەچن، رەنگە لە وردەکارییدا جیاواز بن، بەڵام لە جەوهەر و ناوەڕۆکدا هەمویان هاوبەشن لەوەی قوربانیەکە ویستویەکی تۆزێک لەو مافانە پەیڕەو بکات کە وەک مرۆڤ هەیەتی، بەڵام چونکە کۆمەڵگە تائێستاش ژن بە مرۆڤ نازانێت و لەباشترین حاڵدا بە نیوە مرۆڤی دەبینێت، هەربۆیە بەریەک دەکەون و ئەو تاوان و کارەساتانەش رودەدەن کە رویانداوە.
ئەگەر من هەڵەبم و دڵرەقانە بڕیار بدەم، ئەی بۆچی ئێوە نمونەی بەسزاگەیاندنی موستەهەق وشایستەی بکوژانی ژنانم پێناڵێن؟
چەند بکوژ بەقەد تاوانەکەی سزا دراوە؟ چەندیان هەڵهاتون و دەستگیر نەکراون؟ ئەی چەندیان لە دیوەخانە عەشایەریی و پیاو سالارییەکان سوڵحیان بۆکراوە؟
یان با بپرسین: ئامارەکانی کوشتن و خۆکوشتنی ژنان ساڵانە لەکوردستان لەبەرزبونەوەدان؟ بێگومان بەڵی.
بەڵام ئایا لەبەرامبەردا ئاماری دەستگیرکراوەکانی ئەوکەسانەی ژن دەکوژن یان هۆکارو پاڵنەرن بۆ کوشتن و خۆشکوشتنی ژنان، بەرامبەرن بە ژمارەی کوژراوەکانی ژنان؟ بێگومان نەخێر!
ئەگەر رەهایانە حوکم نەدەین، ئەوا ئەبێت دان بەوەدا بنێین کە چەند حاڵەتێکی بەسزاگەیاندنی بکوژانی ژنان هەبون، بەڵام ئەوانیش یان کەسانی دەستنەڕۆیشتو و بێ دەسەڵاتن، یان هەژارن و نەیان توانیوە بەپارە خوێنەکان لە سوڵحی عشایەری دا بکڕنەوە، یان کەسێکی حیزبیان لەپشت نەبوە بۆ ئازاد کردنیان!
کەواتە لەکاتێکدا هەمومان دڵمان بە یاسا خۆشە بۆ ئەوەی بمانپارێزێ و مافمان وەربگرێتەوە، کەچی خودی یاسا خۆی کۆڵەوارەو نەیتوانیوە ئەو رۆڵە بگێرێت کە پێویستە لەم مەسەلانەدا بیبینێت.
من دەپرسم: «ژمارەی ئەو دۆسییانەی ژنان کە یەکلاکراونەتەوە چەندن؟
توانراوە ماف بۆ ژنان بگێڕدرێتەوە؟
ئەو رێوشوێنانەی گیراوەنەتەبەر لەدۆسیەکانی ژنان، تاچەند دادوەر بون؟»
ئایا لەوەتەی پەرلەمان و دەسەڵاتی ئێمە بیری لەمافەکانی ژنان کردوەتەوە، تاچەند توانیویەتی ئەو مافانە بەرەوپێشەوە بەرێت؟
خۆ راستە ئێمە یاسای باش و نوێمان هەیە، بەڵام کە جێبەجێ نەکرێن بەکەڵکی چی دێن؟ کە یاسا بڕیار دەربکات و دەسەڵاتی جێبەجێکردن حیسابی بۆ نەکات و خەمی نەخوات، دەبێت دڵمان بە چی خۆشبێت؟
چی لە یاسایەک بکەین لە کۆمەڵگەیەکدا کە لەسەر هەمو شت ناکۆک بێت، بەڵام لەسەر بە نزم و کەم سەیر کردنی ژنان دا کۆکە؟

# تا چەند ئافرەتان توانیویانە رۆڵیان هەبێت لەبواری نوسین و وەرگێڕاندا؟

■ رۆژان سدیق

**ئەگەر سەیری بوارێکی فراوانی وەک نوسین و وەرگێڕان بکەین دەبینین سەرتاپای جیهانی گرتۆتەوە، تەنانەت تێکڕای پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و بازرگانی و ....هتد بەهۆی ئەم دو لایەنەوە بەردەوامییان هەبوە. نوسینیش پێش قۆناغی وەرگێڕانە واتا هەتا نوسین نەبێ وەرگێڕان نایەتە ئاراوە.**



ئەوەی مەبەستمە زیاتر ئەوەیە، ئایا ئافرەتانی ئێمە (کورد) تاچەند توانیویانە رۆڵییان هەبێ لەبوارێکی لەم جۆرە فراوانەدا؟ ئەگەر رۆڵیان هەیە چۆنە ؟ ئەگەر نییە بۆچی نییە ؟
نوسین شتێک نییە مرۆڤ لەگەڵ لەدایکبونییەوە لەگەڵیدابێت و پێوەی نوسابێت، یان شتێک نییە مرۆڤی پێوە مەحکوم کرابێت، بەڵام لەهەمان کاتدا نە قەدەغەیە کە هیچ ئافرەتێک زاتی ئەوەی هەبێت دەستی بۆ درێژبکات و خۆی پێبگەیەنێت، نەئەوەندەش ئاسانە کە بەبێ وردبونەوە و خوێندنەوەی پێشوەخت و ئەزمونی پێویست پێی بگەیت، چونکە نوسین وەک (ئۆرهان پامۆک) دەڵێ : «تۆڵەکردنەوەیە لەو ژیانەی کە مرۆڤ نەیتوانیوە تیایا بژی».
ئەم قسەیە رونە کە هیچ مرۆڤێک بە تەواوی ئەو ژیانە ناژی کە دەیەوێت، بەتایبەت رەگەزی مێینە و بەتایبەتتر لەم کۆمەڵگای کوردییەدا کە تاوەکو ئێستاش بەشێکی زۆری کۆسپ و کۆت و بەندو یاسا و دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکان نەشکێنراون و هێشتا کارییان پێدەکەین و بەسەر یەکتریدا دەیسەپێنین، ئەم لایەنە زۆر قورس کەوتوەتەوە لەسەر رەگەزی مێینە بەحوکمی ئەوەی زیاتر چاوییان لەسەرە و وەکخۆیان دەیڵێن «شەرەفی بنەماڵەو هۆزو تیرەن»، لەم سۆنگەیەشەوە «لەکەداربونی» هەر مێیینەیەک لە خێزان و بنەماڵەیەک بە «ئابڕوچون و لەکەداربونی خێزان و بنەماڵە» هەژمار دەکەن!
لێرەدا من جەخت لەسەر لایەنێک دەکەمەوە کە ئەویش نوسینە، نوسین خۆی لەخۆیدا دەردو ئازارە، بۆچی ئافرەتانی ئێمە هەتاوەکو ئێستاش بەرێژەیەکی کەم نەبێت خزمەتی خۆیانیان نەکردوە لەم بوارەدا؟
راستە ناوبەناو لێرەو لەوێ نوسەری مێیەنەمان هەیە، بەڵام بەو شێوەیە نییە کە رێگا کردنەوە بێت بۆ هاتنە ناوەوەی ئافرەتانی دیکەش بۆئەوەی لە رێگەی نوسینەوە پەیام و ئامانج و ئازارەکانیان بگەیەنن، وەرگێڕانیش ئەگەر لەنوسین گرنگتر نەبێت ئەوا کەمتریش نییە بەتایبەت ئەگەر ئەم وەرگێڕانە لەسەر دەستی رەگەزی مێینە بێت.
پێموایە لەپاڵ هەوڵەکانی رێکخراوەکانی ژنان و خەمخۆرانی ئەم بوارە بۆ کۆتایی هێنان بە توندوتیژی رەگەزی و یەکسانی ماف، پێویستە هەوڵیش بدەین لەم دو بوارەدا (نوسین و وەرگێڕان) دەستگرۆیی ژنان بکەین و پەرە بەتواناکانیان بدەین.
چەند جوان دەبێت ئەگەر ئافرەتان سروشتە مێیینەکان و جوانییە مێیەنەکان لەسەر زاری خۆیان دەربڕبن؟
جا ئەم بوارە تەنها شیعر ناگرێتەوە وەک چۆن لەئێستادا زیاتر شیعر بوە بە پەیامی گەیاندن لەهەمو بوارێکدا، بەڵکو پێویستە شان بەشانی شیعریش ، گرنگی بە لایەنەکانی دیکەی وەک ، توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو رۆمان و چیرۆک و ....هتد بدرێت.
جوانتر لەمەش ئەوەیە رۆڵیان هەبێت لەبواری وەرگێڕاندا، جا ئەم وەرگێڕانە ناساندنی بەرهەمەکانی جیهان بێت بە ئێرە، یاخود بەپێچەوانەوە، چونکە وەرگێڕان هونەرێکە کە لە گرنگیی دا هیچی لەنوسین کەمتر نییە.
لەگەڵ ئەوەشدا من ناڵێم ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کە ئافرەتان بنوسن، چونکە نوسین کاتی ناوێت لەهەر تەمەن و زەمەنێکدا بتەوێت دەتوانیت بنوسیت، جا ئەوەی زوتر دەنوسێت پەیامێکی زیاتری گەیاندوە.
نوسین و وەرگێڕان هیچ کات پەیوەندی بە دواکەوتویی وپێشکەوتویی کۆمەڵگاوە نییە، راستە بەربەست هەن لەڕێگای ئافرەتان لەبوارەکانی دیکە، بەڵام کەس ناتوانێت دەستەکانت ببەستێتەوە بۆ ئەوەی نەتوانیت بنوسیت، یاخود کەس چاوەکان و گوێیەکانی نەگرتویت بۆئەوەی شارەزای زمانەکانی دیکەی جیهان بیت بەتایبەتیش زمانە ستانداردەکان، کە دواتر زۆر گرنگن بۆ بوارێکی فراوانی وەک بواری وەرگێڕان.

# بەڕێوەبەری سەنتەری ددان لەکەلار:
# ژنان زیاتر لە پیاوان توشی نەخۆشیەکانی ددان دەبن

■ نەوژین،
سەرگوڵ خەلیل — سوزان خەلیل

**لەمیانەی ئەم دیدارەدا، د. ئەرکان محەمەد ئەمین، پزیشکی نەشتەرگەری دەم و ددان و بەڕێوبەری سەنتەری ددان لە کەلار، لەبارەی کێشەکانی ددان لەلای ژنان بەتایبەتی، زانیاریی و رونکردنەوەی پێویست دەدات.**

**ئەو ئافرەتانەی کە سەردانتان دەکەن تا چەند بایەخ بە دەم و ددانیان ئەدەن؟**

بەشێوەیەکی گشتی نەک تەنها ئەو کەسانەی سەردنمان ئەکەن بۆ لای پزیشکی ددان زۆربەیان ئافرەتن، ئەتوانین بڵێین ئافرەت دو ئەوەندەی پیاو سەردنمان ئەکەن چونکە ئەمە راپۆرتی جیهانیە کە ئەڵێت ئافرەت دو ئەوەندەی پیاو سەردانی پزیشکی ددان ئەکەن و گرنگی بە دەم و ددانیان ئەدەن .

**ئەو ئافرەتانەی سەردانتان دەکەن ئێوە تا چەند هاوکاریان دەکەن؟**

ئێمە بەگوێرەی ئەو چارەسەرانەی کە ئەیکەین بە گوێرەی شوێنی چارەسەرەکە یارمەتی تەواوی ئافرەتان ئەدەین بەحوکمی ئەوەی کە ئافرەت لەوانەیە کۆمەڵێ ئیلتیزاماتی زیاتری کۆمەڵایەتی و ئیشی دەرەوەی هەبێت بۆیە ئێمە چ لە کلینکی تایبەت و چ لە کەرتی گشتیدا هاوکاریان دەکەین و کاری پێویستیان بۆ دەکەین.

**ئێوەی پزیشک رێنمایتان چیە بۆ ئەو ئافرەتانەی توشی ئازاری ددان دەبن؟**

ئازاری ددان هۆکاری زۆر زۆرە، ئێستا هۆکارەکەی بە گوێرەی تەمەنی ئافرەتەکە و باری فیسیۆلۆجی ئافرەتەکە جیاوازە، ئێمە بۆیە هەر بەشێک و چارەسەری خۆی هەیە بە گوێرەی سەرچاوەی ئازارەکەی.

**ئێوە زیاتر بە دەرمان چارەسەریان بۆ دەکەین یان بە هەڵکێشان یاخود شتی تر؟**

وەک وتم بە گوێرەی ئازارەکە ئەبێ کێشەی دەم و ددانی ئەو کەسە بزانین چیە دواتر هەندێک نەخۆشی هەیە تەنها بە چارەسەرێکی سروشتی چارەسەری بۆ دەکرێت واتە بەدەرمانێکی کەم یان بە دەرمانێکی ئاسایی چارەسەر دەکرێت و هەندێکیشی پێویستی بە کلینکی پزیشکی ددان هەیە چ لە نەخۆشخانە بێت یان لە دەرەوە بێت.

**رۆژانە چەن جار ددان بشۆردرێ باشە؟**

رۆژانە بەشێوەیەکی گشتی پێویستە لەدوای زۆربەی ژەمە سەرەکیەکان ددان بشۆردرێ، بەڵام ئەتوانرێت دو جار لەشەو رۆژێکدا ددان بشۆردرێ و هۆکارێکی زۆر باشە بۆ پارێزگاری کردن لە دەم و ددان.

**ددان شۆردن (شۆردنی لای پزیشک) ئەمە تا چەند زیانی هەیە؟**

بێگومان پزیشک ددان شۆردن بۆ هەر کەسێک بکات ئەبێ جۆری ددانی ئەو کەسە یان حاڵەتی ئەو نەخۆشیە دیاری بکات ئەگەر حاڵەتەکە بە پێویست بزانێت و پێویست بکات و بشۆردرێت زیانی نیە تەنها هەندێ زیانی لاوەکی هەیە، بەڵام زۆر زۆر کەمە ئەتوانین بڵێین سودەکانی دە ئەوەندەیە بەگوێرەی زیانەکەی .

**هەندێ ددان هەیە زەردە کە ئەیشۆین هەر بە زەردی ئەمێنێتەوە بۆچی؟**

ئەوە رەنگی ددانەکە گۆڕاوە واتە رەنگی ناوەکی ددانەکە گۆڕاوەو لەوانەیە سپی نەبێت و زۆربەی کەسیش ددانی سپی نیە و رەنگی لە زەرد بۆ رەساسیەکی زۆر کاڵ دەست پێدەکات ئەگەر کەسەکە حەز بکات جوانکاری بۆ بکات ئەتوانێ لای پزیشک جوانکاری بۆ بکات و سپی بکاتەوە بەم شێوەیەش دەتوانێ سودێکی زۆری لێ ببینێت.



**چ جۆرە فڵچە و هەویرێک بەکار بهێنرێت باشە؟**

فڵچە و هەویر ئێستا جۆری زۆر زۆرە، ئێستا کۆمپانیاکانی تەندروستی دەم و ددان فڵچە و هەویر بەرهەم دێنن، بەڵام ئەگەر هەر حاڵەتێک ئەکرێ پزیشکی ددان بیبینێت و جۆری فڵچە و هەویرەکەی بۆ دیاری بکات چونکە ئێستا جۆری زۆرمان هەیە و هەر جورێکیش بۆ حاڵەتێک بەکار ئەهێنرێت و سودی خۆی هەیە.

**هەندێک ئافرەت جوانکاری بۆ دەم و ددانیان ئەکەن ئەمە تا چەند زیانی هەیە؟**

جوانکاری هیچ زیانێکی گەورەی نیە بە پێچەوانەوە ئەتوانین بڵێین ئافرەت زیاتر مورتاح ئەبێت و سود لەو جوانکاریە ئەبینێ لەڕوی کومەڵایەتی و قسەکردن و دەرکەوتنیشەوە.

**تائێستاش تێل «تەل» بەکاردەهێنرێت بۆ ددان رێککردنەوە، ئەمە چ زیانێکی هەیە؟**

هیچ زیانێکی نیە، چونکە چارەسەرێکی گرنگی دەم و ددانە و بۆ ددان رێککردن بەکاردێت، بێگومان ئەگەر پزیشکێکی پسپۆر لە بوارەکەدا بیکات و سودێکی زۆر باشی بۆ نەخۆشەکە دەبێت و ئەنجامێکی جوان و باشیشی دەبێت.

**تێل بۆ ماوەی چەنێک بەکار بهێنرێت باشە؟**

بەگوێرەی جۆری چارەسەرەکەیە کە لە چەند مانگەوە دەست پێ دەکات بۆ زیاتر لە ساڵێک و تا نزیکەی دو ساڵیش ئەکرێ بمێنێتەوە، بەڵام بەگوێرەی جۆری حاڵەتەکە لەلایەن پزیشکەوە دیاری دەکرێت.

# شەکرەی دوگیانیی

■ نەوژین

**شەکرە یەکێکە لەدیارترین نەخۆشیە درێژخایەنەکان، کە لە سەرانسەری جیهاندا بەربڵاوییەکی زۆری هەیە. هەتائێستاش داتاو ئامارەکان لەبارەی ئەوەی کام رەگەز زۆرتر توشی ئەم نەخۆشیە دەبن، جیاوازن و یەکلاکەرەوە نیین.**

ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین، جۆرێکی تایبەتە لەنەخۆشی شەکرە، جۆرێک کە زۆرتری لەناو ژنان و بەتایبەت ژنانی دوگیان بەدیار دەکەوێت، کە بە (شەکرەی دوگیانیی)ش ناودەبرێت.

د.نەدیم جەڕاح، پزیشکی پسپۆڕی شەکرە، لەمیانەی ئەم بابەتەوە زانیاریی لەبارەی چیەتی نەخۆشیەکەو هۆکار و کاریگەرییەکانیەوە دەدات.

**شەکرەی دوگیانی چییە؟**

جۆرێکی سەرەکی نەخۆشی شەکرەیە کە بۆ یەکەمجار لەکاتی دوگیانبونی ژنان دا دەردەکەوێت و هەستی پێدەکرێت. بەمانایەکی تر، دەشێت ژنەکە پێشتر شەکرەی هەبوبێت، کەچی هەستی پێنەکردبێت، بەڵام پاش دوگیان بونی، کاریگەریی و لێکەوتەکانی زیاتر دەردەکەون.

شێوازەکانی دیارییکردنی ئەم نەخۆشیەش بەبەراورد بە جۆرەکانی تری شەکرە دەگۆڕێت، چونکە ئەو ژمارانەی کە بۆ جۆرەکانی تری شەکرە دانراوە، لەم جۆرەیان دا کەمترە، هەربۆیە و بۆ دیارییکردنی نەخۆشیەکە، پێویستییت بە پزیشکیی شارەزا هەیە.

**هۆکارەکانی توشبون**

تائێستا نەخۆشی شەکرە بەگشتی هۆکارەکانی بەتەواوی رون نەکراوەتەوە، بەڵام یەکێک لەهۆکارە سەرەکیەکان لایەنی بۆماوەییە کە نەخۆشیەکە لەناو خێزاندا هەبوبێت، لەمجۆرەیانیشدا بەهەمانشێوەیە.

هەروەها خراپی جۆری خواردن و وەرزشنەکردن و قەڵەویی، ئەمانەش لە هۆکارە گشتییەکانی توشبونن بەم نەخۆشیە.

بەنیسبەت (شەکرەی دوگیانیی) شەوە، بەهەمانشێوە ئەم هۆکارانەی لەسەرەوەی ئاماژەی پێکرا هەیەتی، بەتایبەتی لایەنی بۆماوەیی زۆر رۆڵ دەگێڕێت، بۆیە ژنان لەکاتی بونی حاڵەتی نەخۆشی شەکرە لەناو خێزان و بنەماڵەو کەسوکاریان دا، دەبێت ئاگادار بن لەوەی ئەگەری توشبونیان بەم نەخۆشیە زۆرترە، هەربۆیە پێویست بەوەدەکات زۆرتر و رێکتر پشکنینی تەندروستی و شەکرە بەتایبەتی ئەنجام بدەن، هەوەها باشتریش خۆیان بپارێزن.

**ئاماژەکانی توشبون**

١. بۆماوەیی و بونی نەخۆشیەکە لە خێزان و بنەماڵەدا، وادەکات ئاماژەکانی توشبون بەم نەخۆشیە زیاتر و رونتر بکات.
٢. ئەگەر ژن پێشتر منالی لاشە قورس و قەڵەوی بوبێت، ئەوا دەگونجێت ئەمە ئاماژەیەک بێت بۆ توشبونی بەمجۆرەی شەکرە.
٣. دەرکەوتنی بونی رێژەیەکی زۆر ئاو لەناو منالدان دا، رەنگە ئاماژە و دەرخەری توشبونی ژنە دوگیانەکە بێت بەم نەخۆشیە.

**کاریگەرییەکان**

نەخۆشی شەکرەی دوگیانیی، چەندین کاریگەریی راستەوخۆ و لاوەکی بۆسەر تەندروستی ژنی دوگیان دەبێت، لێرەدا گرنگترینییان دەخەینە رو:
١. بەرزکردنەوەی فشاری خوێنی ژنی دوگیان.
٢. گەورەتر بونی کێش و لاشەی کۆرپە.
٣. منالبونی زەحمەت و ناڕەحەت.

> شێوازەکانی دیارییکردنی ئەم نەخۆشیە جیاوازە لە جۆرەکانی تری شەکرە

**پشکنینە پێشوەختەکان**

پێویستە ژنان لەکاتی دوگیانی دا، پشکنینی پێویست ئەنجام بدەن، بەتایبەتی پشکنینی سۆنار، بۆ ئەوەی ئەگەر لاشەو قەبارەی کۆرپەلە گەورەتر بو، ئەوا پشکنینی دیکە ئەنجام بدەن بۆ زانینی رێژەو ئاستی شەکرەیان.

هەروەها پێویستە هەمو مرۆڤێک و ژنان بەتایبەتی، ناوەناو پشکنینی شەکرە ئەنجام بدەن، بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی توشی ئەو نەخۆشیە نەبون. بەتایبەتی ژنان کەپێویستە لەپێش دوگیان بون خۆیان ئامادە بکەن بۆ ئەم پرۆسەیەو پشکنینی پێویستی تەندروستی ئەنجام بدەن، بە ئامانجی دور بون لەکاریگەریی و لێکەوتەی ئەم نەخۆشییە.



# شەش ژنە ناوادارەکەی بواری تەکنۆلۆژیای زانیاریی

▪ نەوژین
ئامادەکردنی: ئاسیا حسێن

**ئەگەرچی زۆرینەی داهێنەرانی بواری تەکنۆلۆژیا لە ڕەگەزی نێرن، بەڵام ئەمە وایئەکردوە کە ژنان لەو بوارەدا دابېڕێن یاخود جێبمێنن، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەشێک لە کۆمپانیا گەورەکانی بواری تەکنۆلۆژیای ئای تی، هەندێک لە پێگەو شوێنە گرنگەکانیان لەلایەن ژنانەوە رابەرایەتی دەکرێت.**

لــەم لیســتەدا، باس لە دەســتکەوت و داهێنانــی ٦ ژن دەکەیــن کــە لــە بەناوبانگترینەکانی بواری تەکنۆلۆژیای زانیاریین لە جیهان دا.

١. سوزان وجیسکی: بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیــای یوتیوبــە (youtube)، کە لە ســاڵی ١٩٩٩ پەیوەســت بو بە کۆمپانیای گۆگڵــەوە. بۆیە زۆرجار لە ریکلامەکانی کۆمپانیــای گۆگڵدا ناوی وجیسکی دەبیستین.
ســوزان وجیســکی لە ســاڵی ٢٠١٦ نازناوی ســێیەمین ژنە بەتوانای بواری تەکنەلۆژیای پێدراوە و لەســاڵی ٢٠١٤ بەیەکێک لــە دەوڵەمەندترین ژنەکانی جیهان هەڵبژێردرا.

٢. شریل سندبیرگ: بەڕێوبەری بەشی جێبەجێــکاری کۆمپانیای فیســبوکە. یەکەمین ژن بو کە پەیوەندی بە بەشی بەڕێوبەرایەتی کۆمپانیای فیســبوکەوە کــرد، بۆیە بە ســەرچاوەی زۆرێک لە داهێنان و پرۆگرامە ســەرکەوتوەکانی کۆمپانیای فیســبوک دادەنرێت. شریل ســندبیرگ لــە ســاڵی ٢٠١٤ دا، بــە (بەتواناترین ژن لە بواری تەکنەلۆژیا) دا هەڵبژێردرا.

٣. ماریسا مایر: ماریسای تەمەن چل ساڵان، بەڕێوبەری گشــتی کۆمپانیای یاهــو (Yahoo) یــە. یەکێک بو لەو ژنانــەی کە ناوی لە لیســتی (هەژدە ژنە دەوڵەمەندەکەی جیهان) دا، هەبو. هەروەهــا یەکێکــە لــە گەنجترین ئەو ژنانەی کە لەبواری تەکنەلۆژیادا چالاکن و لەســاڵی ٢٠١٥دا بــە بەتواناترینیان هەڵبژێردرا.

٤. شــیر وانــک: بەڕێوبەری گشــتی کومپانیــای (HTC) یــە و خاوەنــی رابردویەکــی زێڕینە لــە بەرهەمهێنانی ئامێــری ئەلیکترۆنیــدا. رۆڵێکــی بەرچاویشــی هەبوە لــە دامەزراندنی ژمارەیەک لە کۆمپانیا جیهانییەکان، کە لە بەرهەمهێنانــی ئامێری ئەلیکترۆنیدا کار دەکەن.

٥. میــک وایتمــەن: بەڕێوبــەری کۆمپانیــای (HP) یە بــۆ ماوەی چوار ساڵ. لە پێش ئەمەشدا یەکێک بوە لەو ژنانەی کە سەرمایەیەکی زۆری خستبوە خزمــەت کۆمپانیاکــەوە. وایتمەن لە ساڵی ٢٠١٤ دا بەیەکێک لە بەتواناترین ژنەکانی بواری تەکنەلۆژیا ناسرا.

٦. ئورســولا برنز: بەڕێوبەری بەشــی بەڕێوەبردنی کۆپانیــای (Xerot)ـە. یەکەمین ژنی (ئەمریکــی - ئەفریقی) بــو پەیوەنــدی کــرد بــە کۆمپانیای (Fortune) کــە بازرگانــی لەگــەڵ ســەدان کۆمپانیــای ئەمریکی دەکات. هەروەها ناسراوترین ژنە لە بواری کڕین و فرۆشتنی هەندێک ئامێری ئەلیکترۆنی وەکــو ئامێــری چــاپ و پرێنتــەر و فۆتۆکۆپی.





# عادیلە خانم، ژنێکی پێش زەمەن کەوتو

▪ نەوژین
ئامادەکردنی: شاران بەرزنجی

**عادیلە خان، ئەگەر دیارترین ناوی ژنانی سەدەی بیستی کوردستان نەبێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە یەکێکە لەگرنگترین ناو و کەسایەتییەکانی ئەو چەرخە، ئەویش بەهۆی ئەو رۆڵ و کارگەرییەی هەیبوە، بەشێوەیەک ژنێک بوە زۆر پێش زەمەنی خۆی کەوتوە، بەهۆی ئەو کارانەی کە ئەنجامیداوەو ئەو رۆڵەی کە بینیویەتی.**

عادیلــە خاتــون لە شــاری ســنەی کوردســتانی ئێــران چاوی بــە دونیا هەڵهێناوە. یەکێک بوە لە خاتونەکانی بنەماڵەی ساحێبقڕان.
ئەم خاتونە هاوسەری (عوسمان بەگی جافی کوڕی موحومەد پاشــای جافە) کە دانیشتوی هەڵەبجە بوە و لە هەمان کاتیشــدا قایمقامی ئەو شارەش بوە، (عادیلــە خاتون) بەهــۆی زیرەکی و لێهاتوییەکــەی توانیویەتی پاڵپشــتی مێردەکــەی بێــت لــە بەڕێوەبردنــی کاروبارەکانییدا.
(عادیلــە خاتــون) بەناڕاســتەوخۆ بەڕێوەبەرایەتی لە دەستی خۆیدا بوە، هەروەها دەســەڵاتی بــاڵای هەبوە لە دروستکردنی رۆحی تەبایی و برایەتی لە نێوان تاکەکانی هۆز و عەشیرەتەکەیدا کە عەشــیرەتی جاف بــو، ئەوانی بە هــۆکاری مانــەوەی دەســەڵاتی خۆی دەزانی لە ناوچەکەدا.
زیرەکی و لێهاتویی (عادیلە) بەجۆرێک بــوە کە بتوانێت لــە ماوەیەکی کەمدا ئەو ئیشــوکارانەی هاوسەرەکەی پێی هەڵدەســتا ئەنجام بــدات و کاروباری ناوچەی شارەزور و عەشیرەتی جاف لە ژێر دەسەڵاتی خۆی دا بەڕێوەببات.
کاریگەری عادیلەخان بەشێوەیەک بوە کە بەبێ پرس و راوێژی (عادیلە خانم) هیــچ کارێکی میریی جێبەجێ نەدەکرا، هەمــو گیروگرفتێکی ناوخــۆ دەخرایە بەردەســتی ئەو، (عادیلــە خانم)یش بەشــێوەیەکی دادوەرانــە یەکلایــی دەکــردەوە، هەر بۆ ئەو مەبەســتەش بەندیخانەیەکی تایبەتی دروست کردبو، تــا کارەکانی زیاتر تۆکمەیی بەخۆیەوە ببینێت.
(مێجەرســۆن) کــە کاربەدەســتێکی ئینگلیــز بو لە پــاش جەنگی جیهانی دوەم روی لە کوردستان و بەدیارییکراوی ســنوری ســلێمانی کــرد، ماوەیەکی زۆر لــە دیوەخانی (عادیلــە خانم)دا ژیاوە، بەتــەواوی (عادیلە خانم)ی لە کتێبەکانیدا هەڵســەنگاندوە و دەڵێت: «عادیلە خانم ئافرەتێکی زۆر بە تواناو لێهاتو بوە، بــە رێکوپێکی و دادوەرانە بەڕێوەبەرایەتی شــارەزور و ناوچەکەی دەکرد».
(عادیلە خانم) هەر لە هەڵەبجە بازاڕێک و قوتابخانەیەک و ســێ ماڵی گەورە و مزگەوتێکیشــی دروســت کرد بە ناوی (مزگەوتــی خانم) کە بە ناوی خۆیەوە دروستکرابو.
ئەم خاتونە لە ساڵی ١٩٢٤ کە تەمەنی ٦٥ ساڵ بو، بەتەواوی ماڵئاوایی کرد و لە گۆڕســتانی (عەبابەیلێ)ی نزیک بە هەڵەبجە تەرمەکەی نێژراوە.

# ئەو ژنەی ویستی ببێتە دیزاینەری جلوبەرگ و داعش ژیانی شێواند

▪ نەوژین



**خەونی سەرەکیی ژیانی «ئیسلام میتات»، ئەوەبو کە رۆژێک لە رۆژان ببێتە دیزاینەری بواری جلوبەرگی ئافرەتان، بەڵام ئەو کارەی داعش بەسەری هێنا، وایلێکرد تاکە شتێک بیری لێبکاتەوە، رزگاربون بێت بەسەلامەتی.**

ئــەم ژنە تەمەن ٢٣ ســاڵە بەرەگەزی مەغریبیــە، شــوی بەپیاوێکی بریتانی بەرەگەزی ئەفغانی کردوە، پیاوەکەش دوای ماوەیــەک پێکەوەبــون بــەرەو ســوریاو ژێر دەستی داعشــی بردوەو لەوێ بوە بە چەکدار.
ئیسلام، لەشــاری قامیشلۆی رۆژئاوای کوردستان گیرساوەتەوە، پاش ئەوەی توانــی هەڵبێت لە دەســت چەکدارانی داعش، لەدیدارێک دا چیرۆکی خۆی بۆ ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا گێڕاوەتەوە.
ئیسلام، دەڵێت: «من حەزم لەخوێندنی دیزاین و نەخشەســازیی جلوبەرگ بو، هەر ئەمەش هۆکاری شــوکردنم بو بە هاوسەرە بریتانیە بە ئەسڵ ئەفغانیەکەم کەناوی (خەلیل ئەحمەد) بو کە لەرێگەی ئینتەرنێتەوە یەکمان ناسیوە لە ساڵی ٢٠١٤». ئەو پێیوابو کەهاوســەرەکەی یارمەتیــدەری دەبێت بــۆ بەدیهێنانی خەونەکەی، بــەڵام بەپێچەوانەوە هەمو خــەون و ژیانــی وێران کــرد، کاتێک پەلکێشی ژێر دەستی داعشی کرد.
باسلەوەدەکات پاش شــوکردنی بەو پیاوە، گواســتویانەتەوە بۆ دوبەی کە هاوســەرەکەی لــەوێ کاری دەکرد و دواتریش بۆ ماوەی ٢ مانگ گەڕاونەتەوە بــۆ ئەفغانســتان. وتیشــی: «پاش هاوســەرگیرییمان بەتەواوی هەستم بە گۆڕانی رەفتاری هاوســەرەکەم کردوە، بەشــێوەیەک بوەتە کەسێک کەپێشتر ئەوەنەبوە کەناسیبوم، چونکە زۆر توند بو لەگەڵم دا بەتایبەتی لەروی جلوبەرگ و پۆشاکەوە.»
ئیسلام میتات، باسلەوەدەکات رۆژێکیان هاوســەرەکەی وتویەتی گەشت دەکەن بۆ ئەستەنبوڵ و لەوێشەوە بۆ لەندەن، هەربۆیە داوای لێکردوە جلی رەنگاوڕەنگ و کەشخە لەبەر بکات و ئارایشت بکات، چونکە ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەی لە فڕۆکەخانە زو بەڕێبکرێن و دوانەخرێن، ئەمەش دڵی ئــەو ژنە مەغریبیە خۆش دەکات، چونکە جگە لەوەی دەگەڕێنەوە ئەوروپا، هاوکات پۆشــینی جلوبەرگی ئاڵووالا لە حەزە لەمێژینەییەکانێتی.
هەردو هاوســەرەکە پاش گەشــتنیان بۆ ئەســتنبوڵ، بەرەو لەندەن نەچون وەک ئیســلام چاوەڕێی دەکرد، بەڵکو چــون بەرەو (غــازی عەنتاب)ی نزیک بە سنوری سوریا و لەوێشەوە چونەتە سوریا، ئەم گەشتەش دوای هەفتەیەک هــات لــە راگەیاندنــی «دەوڵەتــی خیلافەت» لەلایەن داعشەوە.
ئیســلام، باســلەوەدەکات زۆرجار لە هاوســەرەکەی پرســیوە بۆچی ژیانت تێکدام؟ بــەڵام ئەو هەموکات وتویەتی کەدەبێــت گوێڕایەڵی قســەکانی بێت، ئەمیش ناچار بوە بەو بارودۆخە رازیی بێــت کەتیایدا بــوە، چونکە وەکخۆی دەیڵێت: هیچ چارەیەکی تری نەبوە.
ئەو ژنە دەیگێڕێتەوە کە هاوسەرەکەی بۆماوەی مانگێک چوە بۆ ســەربازگەو مەشقی بینیوە، پاشــان پەیوەندی بە جەبهەی «کۆبانێ»وە کردوە لەوکاتەدا کە ئەو دوگیان بوە، مانگێکی نەبردوەو هەواڵــی کوژرانــی هاوســەرەکەیان پێگەیاندوە، دوای ئەمە گواستویەتییەوە بــۆلای خێزانی برای مێردەکەی کە ئەو لەکاتی شــەڕەکانی تکریــت لە عێراق کوژراوە.
پــاش کوژرانــی هاوســەر و بــرای هاوســەرەکەی، (ئیســلام) خراوەتــە شــوێنێک کەبە «خانەی میوانداریی» ناودەبرێت کەبریتییە لە ماڵێکی گەورە لە شاری «منبج»لە سوریاو ئەو ژنانە لەخۆدەگرێت کە مێردەکانیان چەکداری داعش بون و کوژراون. لەوێ بۆ ماوەی ٤ مانگ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ژنانی بێــوەژن کەوتو ماوەتەوە کە زۆرینەیان روســی و ئۆزبەکی بون و هەموشــیان مەشقی سەربازییان پێکرابو.
ئیسلام لەبارودۆخێکی سەخت دا ژیاوە، پاش کوژرانی هاوسەرەکەی دوجاری تر بەشــو دراوە، جارێک بە ئەفغانیەک و جارێکی تر بە هیندییەک کە هەردوکیان چەکــداری داعش بون، لە یەکێکیان دا کچێکی بوە ناوی لێناوە «ماریا».
ئــەو ژنــە رۆژێــک بەیــاوەری ژنێکی ئێزدیی کە ئەمیرێکــی داعش کردبوی بە ژنــی خــۆی، هەڵدێــن و دەتوانن بگەن بە قامیشــلۆ، ئێســتا لەو شارە لەژێر دەســەڵاتی هێزە کوردیەکاندایە.
بەگریانــەوە وتــی: «نازانــم چی لە ژیانم بکەن، بــەڵام منداڵەکانم تاوانیان چییە؟!»

## دەربارەی نەوژین

نەوژیــن، رۆژنامەیەکــی ســەربەخۆی تایبەتمەندە بە پرسەکانی ژنان، مانگانە لەلایــەن رادیــۆی دەنگ لــە گەرمیان بڵاودەکرێتەوە.
رادیۆی دەنــگ، پرۆژەیەکــی میدیایی ســەربەخۆیە لە ناوچــەی گەرمیان، لە (٢٠١٠)ەوە بــە پەخشــی رادیۆیەکــی لۆکاڵــی دەســتی پێکردوەو پاشــان وێبسایتێکی داناوە.
رۆژنامەی نەوژین یەکێکە لە چالاکیەکانی پــرۆژەی رادیــۆی دەنگ بە پاڵپشــتی ســندوقی نیشــتمانی بۆ دیموکراســی (NED) ئەمریکی.
رۆژنامەی نەوژین یەکێکە لە چالاکیەکانی پرۆژەیەکــی رادیۆی دەنــگ کە لەلایەن سندوقەکەوە پاڵپشتیی دەکرێت.
رۆژنامەنوسانی ئەم رۆژنامەیە، ژمارەیەک کچــن کەپێشــتر خولێکــی راهێنانیان لەلایەن رادیۆی دەنگەوە بۆئەنجامدراوەو زۆرینەیان پێشــتر کاری رۆژنامەوانییان نەکردوە.
بۆ پەیوەندیکردن بە رۆژنامەکەوە:
تەلەفۆن:
٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠
ئیمەیڵ:
nawzhinnewspaper@gmail.com
فەیسبوک:
nawzhinnewspaper

دەتوانن لەماڵپەڕی رادیۆی دەنگ کۆپی ئیلیکترۆنی ژمارەکانی رۆژنامەکە ببینن
www.radiodang.org

# گروپێک ئافرەت بە ئیشی دەستیی کەلەپوری کوردەواریی زیندو دەکەنەوە









■ **نەوژین، سازان مستەفا**

**چەند ئافرەتێک خەمی کلتور و کاری دەستیی کەلەپوری کۆیکردونەتەوە، ئەوان هەڵدەستن بە دروستکردنی کاری دەستیی و لە پێشانگای تایبەت دا لە سەرجەم ناوچەکانی کوردستان دەیخەنە رو، هەفتەی رابردوش لە کەلار پێشانگایەکی کاری دەستییان کردەوە کە پێشوازییەکی زۆری لێکرا.**

(کۆمەڵـــەی دەســـتڕەنگینی کولتوری کوردســـتان)، ناوی ئـــەو گروپەیە کە ماوەی چەنـــد مانگێکە دروســـتبووە، ژمارەیـــەک لە کچـــان کەبـــەزۆری لە سلێمانی نیشـــتەجێن، هەســـتاون بە پێکهێنانی. ئەوان کاری دەستی جیاواز بەتایبەتـــی کەلەپـــوری کوردەواریـــی ئەنجام دەدەن و لەپێشـــانگادا نمایشی دەکەن بۆ هاوڵاتیان.

بەیان رەشید ســـدیق، سەرپەرشتیاری گروپەکـــە، باس لـــەوە دەکات کەبونی بۆشـــاییەک لەکاری ئیشـــی دەســـتی ئافرەتـــان، وای لێکردون ئـــەم گروپە دروست بکەن.

ئەو بـــۆ (نەوژین) وتی: «هەســـتمان بەوەکـــرد ئافرەتـــی زۆرمـــان هەیـــە دەستڕەنگین بێت، بەڵام بەهۆی نەبونی جێـــگا یـــان لایەنێک کە پاڵپشـــتییان بکات، کاری دەستی ناکەن، بۆیە لەگەڵ هاوڕێکانم دا ئەم گروپەمان پێکهێنا».

ئاماژەی بەوەشکرد سەرەتای گروپەکە تەنها (٢٠) کچ بوە، بەڵام ئێستا ژمارەی ئەندامەکانی بەرزبوەتەوە بۆ ســـەروی (٣٠) ئەنـــدام، هەمـــو ئەندامەکانیش لـــە گەزر مـــێ نین، بەڵکـــو پیاوانیش لەگەڵیاندا هاوبەشن.

مـــاوەی چەنـــد ســـاڵێکە، خولیـــای ئافرەتانـــی کورد بۆ گەڕانـــەوە بەلای بابەتی جوانکاریـــی کەلەپوری کوردیی زیاد بوە، کاری دەســـتی و جلوبەرگی کوردیـــی و بابەتی ئارایشـــت و بۆنی کوردەواریی مێخەک و ســـمڵ و هی تر، برەویان پەیداکردوە، ئەمەش وایکردوە گـــروپ و چالاکـــی تایبەتیـــش بۆ ئەم بابەتانە، رو لە برەو بکەن.

ئەژیـــن ئـــاراس، ئەندامێکـــی دیکەی گروپەکەیـــە، باســـیلەوەکرد کچـــان و ژنانی کورد بەگشتی حەزیان لەو بابەتە کەلەپوریانە هەیـــە، بەتایبەتی لەکاتی بۆنەو ئاهەنگەکان دا.

بـــەڕای ئـــەو کچـــە، لەکۆمەڵگایەکدا کەهێشـــتا پێشـــێلکاری زۆر دەکرێـــت بەرامبـــەر بـــە مافەکانی ژنـــان، بونی گروپێکـــی وەهـــا پێویســـت و گرنگە، چونکـــە وەکخـــۆی وتـــی: «بونی ئەم گروپـــە وەڵامدانـــەوەو تەحەدایـــەک دەبێت کە ژنان دەستەوەستان نابن لە بەدەستهێنانی مافەکانیان و ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە حەزی لێدەکەن».

ئەم گروپە، لەرێگـــەی ئەندامەکانیەوە هەڵدەستێت بە دروستکردنی کەرەستەی دەستیی لە بابەتی جوانکاری و ئارایشتی ژنـــان، لەگەڵ هەندێک ئیکسســـواراتی دیکـــە کەدەتوانرێت وەکـــو جوانکاریی بـــۆ مـــاڵان بەکاربهێنرێـــت، دواتر ئەم بەرهەمانە دەفرۆشـــنەوە، چ لەرێگەی فرۆشـــیارەکانەوە یاخـــود لەمیانـــەی نمایشکردنیان لە پێشانگاکانیان دا.

ئەژین، ئاماژەی بەوەکرد کاری دەستی بەپێـــی وەرزەکان دەگۆڕێـــت و هـــەر وەرزێک بابەتێک برەو و رەواجی هەیە و خەڵک دەیکڕێت. وتی: «ئیشی وەرزی زســـتان زیاتر چنینە، لە وەرزەکانی تر وەکو هاوین و بەهاران، ئیشـــی مێخەک و متومێرو و ئیکسســـواراتی سەر جلی کوردیی وەکو میر و تاجی سەر وپشتوێن و ملوانکە، برەویان هەیە».

ئەم گروپە سەرپەرشـــتیارانی بەزۆری لە ســـلێمانین، بەڵام وەکخۆیان دەیڵێن گروپە تایبەت نییە بەو شارە.

سەرپەرشـــتیاری گروپەکە، لەوبارەوە وتی: « کچانی دەســـتڕەنگین لە هەمو شـــوێن وجێگاکانـــی تری کوردســـتان دەتوانن ببنە ئەندام».

وەکـــو هەمـــو کارێکی دیکـــە کە ژنان دەیکەن، خەمێکی گەورەی ئەم گروپە ئەوەیە کـــە هـــەوڵ و کارەکەیان نەک زۆرجـــار بەهەند وەرناگیرێـــت، بەڵکو روبەروی تانەو توانجیش دەبنەوە.

ئەژیـــن، لەوبـــارەوە وتـــی: «زۆر جار توانجمان لێدراوە، بەڵام بەقسەو گفتوگۆ کردن ئـــەو کەســـانەمان تێگەیاندوە، چونکـــە ئەمە کارێکی ســـەربەرزانەیەو شانازییە کە ئێمە گرنگی بە کەلەپوری کوردەواری دەدەین».

ئەم گروپە، هەفتەی رابردو لە پەیمانگای تەکنیکی کەلار، نمایشێکیان بۆ هەندێک لە بەرهەمەکانیان کرد، کە دەستخۆشی ئامادەبوانی لێکەوتەوە.

میعاد ســـەلام، خوێندکاری پەیمانگای تەکنیکی کەلار و میوانی پیشـــانگاکە، سەرسامی خۆی بەکارەکانی ئەو گروپە دەربڕی. بۆ (نەوژین) وتی: «بەڕاستی ئە کەرەســـتانەی نمایشـــیان کرد زۆر تایبەت و جوانـــن بەلامەوە، چونکە لە کۆمەڵێک شـــتی ســـادەی رۆژانە ئەو کەرەســـتە جوانانەیان دروســـتکردوەو ســـیمایەکی جـــوان و ســـەرنجراکێش دەبەخشێت».

(باخان نامیق)یش کە میوانێکی دیکەی پێشەنگاکە بو، وتی: «من بۆخۆم زۆر حەزم لەم هونەری ئیشـــی دەستییانە هەیەو پێشانگاکە زۆر سەرنجی راکێشام، هاوکات زۆریش حەزم لێیە فێری کاری دەســـتی بم، بـــەڵام جێگایەکی وا نییە لە کـــەلار دا کە بتوانیـــت تیایدا فێری دروســـتکردنی مێخەک و پشتوێن چنین و هونەرەکانی دیکە بیت».

---

# بۆیەکەمجار لە گەرمیان ژنان کارگەیەکی شیرەمەنی بەڕێوەدەبن



■ **نەوژین، سازی ئەسمەر**

**لەشاری کەلار کارگەیەکی بەرهەمهێنانی شیرەمەنی و ئایسکرێم کراوەتەوە، زۆرینەی کارمەندەکانی ژنن، بەشێکی زۆری ئەو ژنانەش خاوەنی بڕوانامەن، بەهۆی بێهیوابون لە دامەزراندن رویان لەکەرتی تایبەت کردوە.**

رەنگە تا چەند ساڵی رابردو لەگەرمیاندا، بونی ژنـــان لەکارگەو شـــوێنکارەکانی کەرتـــی تایبـــەت، حاڵەتێکـــی زۆر تایبـــەت و دەگمەن بوبێـــت، بەڵام لەم ماوەیەی رابـــردودا کارکردنی ژنان لەو کەرتەدا برەوی سەندوە، ژنێکی زۆر بۆ رایکردنی بژێوی ژیـــان و پەرەدان بە ژیان و خواســـت و تواناکانیان، وزەی خۆیان لەکارکـــردن لەکەرتی تایبەت دا بەکاردێنن.

کارگەی ماســـت و ئایســـکرێمی چیاو، یەکێکە لەو کارگانەی کە ژمارەیەکی زۆر کارمەندی ژنی لەخۆگرتوە، بەشێوەیەک زۆرینـــەی کارمەندەکانی لـــە رەگەزی مێ پێکدێـــن، بەڕێوەبەری کارگەکەش، پەســـنی چالاکیی و لێهاتوی کارمەندە ژنەکانیان دەدات.

بیـــلال محەمـــەد عەلـــی، بەڕێوبەری کومپانیای چیاو بۆ دروستکردنی ماست وئایسکرێم، بۆ (نەوژین) وتی: «ژمارەی کارمەندەکانی کارگەکە نزیکەی (١٧٠) کرێکارە، نزیکـــەی (٩٠) یان ئافرەت دەبن».

وتیشـــی: «کارگەکە ماوەی ســـاڵێکە دامـــەزراوە و زیاتر کرێکاری ئافرەتمان وەرگرتـــوە، لەبـــەر ئـــەوە پێمانوایە ئافرەتـــان گونجاوترن بـــۆ کارەکان و هەروەها دەستڕەنگین ترن».

ئەو ئافرەتانەی لەکارگەکەدا کاردەکەن، دڵخۆشـــن بە بونـــی پرۆژەیەکی وەها کە ئەوان بتوانـــن توانای خۆیانی تێدا بەگەڕ بخەن و کاری تێدا بکەن و ببێتە سەرچاوەی بژێوییان.

تارا مەحمود، یەکێکە لەکچانی کارمەندی کارگەکـــە، بۆ (نەوژیـــن) وتی: «ئەم کارگەیە هەلێکی باشـــی رەخساندوە بۆ ئەو کچانەی کە لەماڵـــەوەن و خاوەن بڕوانامە نین، بۆ ئەوەی بتوانن ئیشبکەن و سەرچاوەی بژێویی پەیدا بکەن».

وتیشی: «ســـەرباری ئەوەش ئافرەتی دیکـــە هەیـــە کـــە بڕوانامـــەی هەیەو لەکارگەکـــە کارمەندە، بـــەڵام بەهۆی ئەوەی دەرفەتـــی دامەزراندنیان نەبوە لـــە کەرتی گشـــتی و حکومیـــی، لێرە

> ئافرەتان گونجاوترن بۆ کارەکان و دەستڕەنگین ترن

دەستیان بەکار کردوە.»

یوســـرا تۆفیـــق، یەکێکـــی دیکەیە لە کارمەندەکانی کارگەکە، دەرچوی بەشی ژمێریاریەو ماوەی (٤) ساڵە خویندنی تەواو کردوە، ئێستا وەکو سەرپەشتیار لەسەر هۆڵی شـــیرەمەنی کارگەکە کار دەکات. بـــۆ (نەوژیـــن) وتی: «ماوەی (١١) مانگـــە لێرە کاردەکـــەم، رۆژانە نزیکـــە (٨) کاتژمێـــر ئیـــش دەکەم، ئیشـــی ئێمەش لێـــرە بەرهەمهێنان و بەرگتێگرتنـــی بەرهەمەکان و خســـتنە کارتۆنـــە». ئاماژەی دا کە دڵخۆشـــە بەکارەکەی کەلەرێگەیەوە بژێوی خۆی پەیدا دەکات.

وتیشـــی: «زۆربەی کرێکارەکانی ئێرە خاوەن بڕوانامەی جیاوازن، بەو هۆیەی حکومەت هەلی بۆمان نەڕەخســـاندوە، رومان لەم کارگەیە کردوە».

وەک بەرپرســـانی کارگەکـــە باســـیلێوەدەکەن، دڵخۆش و رازین بە ئاستی کارکردنی ئافرەتانی کارمەندیان، پێیانوایـــە توانیویانـــە بەباشـــیی ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن.

نامیـــق ئەحمـــەد، سەرپەرشـــتیاری کارمەندەکانـــی کارگـــەی چیـــاو، بـــە (نەوژیـــن)ی وت: «زۆرینـــەی کارمەندەکانی کارگەکە ئافرەتن، ئەوەی ئەم کارگەیە جیائەکاتەوە لە کارگەکانی تر ئەوەیە دەرفەتێکی باشتری داوە بە ئافرەتان».

وتیشـــی: «هیـــچ جیاوازیـــەک نیە لە ئیشکردنی کچان وکوڕان دا، بگرە کچان دەســـتڕەنگین ترن و زیاتریش خۆیان ماندو دەکەن».

بیلال محەمەد، بەڕێوەبەری کۆمپانیاکە، هەمـــان رای هەیـــەو پێیوایـــە «بـــۆ ئیشـــکردنی کارگەکەیـــان ئافرەتـــان گونجاوترن و کێشەیەکی ئەوتۆیان نییە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان دا».

لەم ماوەیەی رابردودا، رەخنە لە کارگەکە گیرا لەروی پێدانی ماف بە کرێکارەکانی و زۆری ســـەعاتەکانی کارکردن، بەڵام بەڕێوەبەری کارگەکە رونیدەکاتەوە کە هەمو کارمەندەکانیان پێشـــتر لە ئەرک و کات و کار و موچەکانیـــان ئاگادارن و گرێبەســـتیان لەگەڵ دا ئەنجامدراوە.

وتیشـــی: «کاتژمێرەکانی کارکردن ٨ کاتژمێـــرەو بۆئافرەتانیـــش بەزۆری لە بەشـــی بەیانیان کار دەکەن لەکاتژمێر (٨) بەیانـــی تاوەکـــو (٤) ئێـــوارە، شێوازی موچەکانیشان جێگیرە، بەڵام هەر کارمەندێک زیاتر کار بکات موچەی زیاتر وەردەگرێت وەکو پاداشـــتێک بۆ ماندوبونی».

رەنگـــە دیارتریـــن کێشـــەی ژنـــان لەکارکردنیان لە کەرتـــی تایبەت، ئەو توانج و قسانە بێت کەلەلایەن بەشێکی کۆمەڵـــگاوە روبەڕویـــان دەکرێتـــەوە، کەئەمـــەش هەندێکجـــار دڵخواردیـــان دەکات، بـــەڵام کچانـــی کارمەنـــدی کارگەکـــە، بەپێچەوانەوە گوێنادەن بەو وتانە.

تارا، لەوبـــارەوە وتی: «بتەوێت یان نا هەر روبەڕوی قســـەو توانج دەبیتەوە، بەڵام نابێت گوێ بەو قســـانە بدەین و حیســـابیان بۆ بکەیـــن، چونکە دەبێت بزانیت کە تۆ بـــۆ خۆت ئیش دەکەیت نەک بۆ ئەوان».